ئێرنست هێمنگوای

ماڵئاوایی لە چەک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

ئێرنست هێمنگوای

ماڵئاوایی لە چەک

عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز

لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی

ناوی کتێب: ماڵئاوایی لە چەک- ڕۆمان
نووسینی: ئێرنست هێمنگوای
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز
پێداچوونەوە و بەراوردکردنی: ئازاد حەمە شەریف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١١٨
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی بەرگ: خۆشنووس محەمەد زادە
هەڵەگری: دلاوەر صادق ئەمین + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
تیرێژ: ١٦٠٠
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

ئەم ڕۆمانە لەم دەقە ئینگلیزییەوە کراوە بەکوردی:
ERNEST HEMINGWAY
A FAREWELL TO ARMS
CHARLES SCRIBNER’S SONS, 1969.
NEWYORK

1

لە ئاخیروئۆخری هاوینی ئەو ساڵەدا، لە خانووی گوندێ دەژیاین کە بەرامبەر ئەو ڕووبار و دەشتەی بن چیایەکە بوو، دەوئاوی ڕووبارەکە پڕ پلووکە بەرد و خڕکە بەرد بوو کە لەبەر تیشکی ڕۆژ سپی و وشک هەڵگەڕابوون، ڕووبارەکە ڕوون و تیژڕەو بوو، لە جۆگەکان شین دەچۆوە. لەشکر لە نزیک خانووەکەوە ڕەت بوون، لە ڕێگاکە بەرەو خوار چوون، تۆزی ژێر پێیان بڵند دەبووەوە و دەنیشتەوە سەر پەلکی دارەکان. قەدی دارەکان یەکجار تۆزاوی بوون و ئەمساڵ پەلکەکانیان زوو هەڵوەراند و ئێمەش پێڕەوی لەشکرمان دەبینی بەو ڕێگایە ڕەت دەبوو. ئەو تۆزەی لەژێر پێیان بڵند دەبوو دەنیشتە سەر پەلکی دارەکان و بەشنەی با دەلەرانەوە و هەڵدەوەرین. پاش ڕەتبوونیان ڕێگا چۆلوهۆل بوو و سپی دەچۆوە، لە گەڵا بترازێ چی دی لێ نەبوو.

ئەو دەشتە پڕ بەروبووم بوو، چەندین ڕەزی مێوی لێ بوو، لە پشت دەشتەکە چیای ڕووتەن و قاوەیی قیت ببوونەوە، لەو چیایانەدا شەڕ هەڵگیرسابوو و شەوان بریسکەی تۆپەکانمان دەدیت، لەناو تاریکی شەودا دەتگوت هەورەتریشقەی هاوینەیە، بەڵام شەوەکان فێنک بوون هیچ نیشانەی تۆف و ڕەشەبای لێ بەدی نەدەکرا.

جار وابوو لە تاریکیدا گوێمان لە خشەی پێی سەربازەکان دەبوو کە لە نزیک پەنجەرەوە ڕەت دەبوون و تراکتۆریش تۆپەکانیان بەدوای خۆیان ڕادەکێشا، بەشەو هاتوچۆیەکی گەرم هەبوو و چەند هێسترێک بەرێگادا دەچوون و سندووقی چەک و جبەخانەیان لێ بارکرابوو. ئۆتومبێلە بۆرەکان سەربازەکانیان هەڵگرتبوو ئۆتومبێلە بارکراوە بەخیوەت داپۆشراوەکانیش بەهێواشی بەرێگا جەنجاڵەکەدا ڕەت دەبوون. تۆپی گەورەشیان تیادا هەبوو بەتراکتۆر ڕادەکێشران. لوولە درێژەکانی تۆپەکانیش بەلقی سەوز داپۆشرابوون. لقەدار بەپەلکەوە لەگەڵ دارمێو بەسەر تراکتۆرەکان دادرابوون، لەلای باکورەوەش، لەو بەرەوە دۆڵێک دەبینرا و دارستانێکی شابەڕوو لەوێ بوو، لە پشت ئەوێوە چیایەکی تر لەو بەری ڕووبارەکەوە دیار بوو.

شەڕ لەسەرگرتنی ئەم چیایەش کرابوو، بەڵام هیچ بەهیچ نەکرابوو. پاییزێ لەگەڵ باران بارین گەڵای دارستانی شابەڕووەکە هەڵوەری و لقەکان ڕووت ببوونەوە، قەدیشیان ڕەش داگەڕابوون، ڕەزەکانیش بێ هێز ببوون و لقەکانیان ڕووت ببوونەوە، سەرتاپای گوندەکە بەو پایزە تەڕ و قوڕاوی و بێ گیان مایەوە. سەر ڕووبارەکە تەم دایگرتبوو و پەڵە هەوریش سەر چیاکانی گرتبووە باوەشی خۆی، ماشینەکانیش قوڕاویان بەسەر ڕێگاکەدا پەرت دەکرد و سەربازەکانیش لەشیان هەتا تەوقی سەریان قوڕاوی بوو و بگرە تفەنگەکانیشیان تەڕ ببوون.

هەر یەکێکیان دوو فیشەکدانیان لە پێشەوەی قایشەکانی خۆیان بەستبوو، ئەم ڕەختە بۆرەیان فیشەکدانی قورسی عەیار (٦،٥) ملمی تێدابوو. ئەمانە لەژێر

چاکەتەکانیان دەرپۆقیبوون. جا هەرکە بەسەر ڕێگاکەدا دەڕۆیشتن دەتگوت منداڵی شەش مانگیبە و لەسکیاندایە.

ئۆتومبیلێکی بۆری بچووک بەتیژ تێپەڕی. ئەفسەرێ لەپێشەوە لەگەڵ لێخوڕەکە و هی تریش لە دواوە بوون. ئەم ئۆتومبیلە لە ئۆتومبیلێکی گەورە پتر قوڕاوی پەرت دەکرد. یەکێ لە ئەفسەرەکانی دواوە کە لە نێوان دوو جەنەراڵان دانیشتبوو زۆر بچووک و قوتەخنە بوو. لە توانادا نەبوو ڕووی ببینی، تەنیا سەری کاسکێتەکە و پشتە باریکەکەی دیاربوو. ئەگەر ئۆتومبیلێ بەو خێرایەیە ڕەت ببایە. ئەوا ڕەنگ بوو پادشای لەناو بوایە. کە لە ئۆدین دەژیا و نزیکەی هەموو ڕۆژ دەهاتە ئێرە تا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بێ، کە بەرەو خراپی دەچوو، لە سەرەتای زستانەوە بارانێکی زۆر باری و نەخۆشی کولێرای لەگەڵ خۆی هێنا. پاش ئەوەی تەنیا حەوت هەزار سەربازی بەمەرگ شاد کرد قەلاچۆ کرا.

2

سالی ئاینده سەرکەوتنمان زۆر بوو، چیایەکەی ئەو دیوی دۆڵ و لاپاڵی گردەکە، کە دارستانی شابەڕووی لێ ڕوابوو، داگیرکرا، لەو دیو دەشتەکەی بانەکەی باشووریش سەرکەوتن بەدەست هێنرابوو. لە مانگی ئابدا لە ڕووبارەکە پەڕینەوە لە خانوویێک لە گۆریزیا ئۆقرەمان گرت، کە کانییەک و چەند درەختی سێبەردار دەوری باخچەکەی دابوو، لایەکی دیوارەکە ڕووەکی (وێستیریای) ئەرخەوانی بەسەر هەڵگەڕابوو. شەڕ لە چیاکانی دیکەش هەڵگیرسابوو، کە هەر میلێک لەوێوە دوور دەبوو. ئەوێ شارێکی خۆش بوو خانووەکەی ئێمەش زۆر چاک بوو. ڕووبارەکە بەتەنیشتمان تێپەڕ دەبوو، شارەکە زۆر بەجوانی داگیرکرابوو، بەڵام نەتوانرا چیاکانی دواوە داگیر بکرێ. من زۆر دڵخۆش بووم بەوەی نەمساوییەکان هەندێ جار ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ شار هەبوو، ئەگەر شەڕ کۆتایی بێ!، چونکە بەهیچ جۆرێ شارەکانیان بۆردوومان نەکرد تا کاولی بکەن، بەڵام تەنیا هەندێ جێگایان بۆ مەبەستی سەربازی خۆیان دەکوتایەوە.

خەڵک لە شارەکەدا دەژیان چەند نەخۆشخانە و چایخانە و تۆپی تیابوو لەلایەکی شەقامەکاندا بەقیتی داندرابوون. دوو سۆزانیخانەشی تیابوو یەکیان بۆ ئەفسەران ئەوی تریش بۆ سەربازان. لەگەڵ کۆتایی هاوین، شەوە فێنک و چیاکانی ئەو دیو شارەکە، پردە ئاسنینەکەی شەمەندەفەر کە جێی گوللەتۆپەکانی پێوە بوو، وێڕای تۆنێلەکەی تەک ڕووبارەکە کە لەئەنجامی شەڕێک تەپابوو، درەختەکانی دەوری گۆرەپانەکە و ڕێگا درێژە بەدرەخت داپۆشراوەکە کە بەرەو گۆڕەپانەکە دەچوو، ئەمانە و کچانی شار و، تێپەڕبوونی پادشاش بەئۆتومبیلەکەی کە جار بەجار ڕوومان دەدیت بەخۆ و لاشە بچووکە مل درێژەکەی و ڕیشە خۆڵەمێشییە بزنانییەکەی. ئەم هەموانە و دەرکەوتنی ناو ژووری خانووەکان کە بەبۆردوومان لادیواریان ڕووخابوو و پارچە لەبخ و

پەلە بەردی لەناو باخچە و سەر جادەکانت دەدیت. بەڕێوەچوونی هەموو شتێ بەرێکوپێکی لە (کارسۆ) وای لەو پایزە کرد کە بەتەواوی لەگەڵ پایزی پاردا کە لە گوند دەژیاین جیاوازی هەبێ. هەروەها شەڕیش سارد ببووەوە.

دارستانی داربەڕووەکانی سەر چیاکەی پشت شارەکە فەوتا، ئەو هاوینەی هاتینە شارەکە دارستانەکە سەوز بوو، بەڵام ئێستا لە کۆلکەدار و قەدە شکاوەکان و زەوییەکی هەڵدڕاو بەولاوە هیچی تر نەبوو. لە ڕۆژێکی کۆتایی پایزدا کە چووبوومە دارستانی بەڕووەکەوە، هەور سەر چیاکەی گرت، زۆر بەتیژی هات، خۆر ڕەنگی بووە زەردێکی تەڵخ. دوای ئەمە هەموو شتێ بۆر داگەڕا، هەور ئاسمانی داپۆشی لە چیاکان وەرهات و کوتوپڕ تووشی بەڵا هاتین بەڵای بەفر داکشا، زەوییە ڕووتەی داپۆشی کۆلکەدارەکان سەریان قیت دەرچووبوو، لەسەر تۆپەکانیش کەوتبوو. چەند ڕێچکەیەک لەناو بەفرەکەدا هەبوون بەرەو ئاودەسەکانی پشت سەنگەرەکان چووبوون.

جارێکی تر، کە دابەزیمە شار، تەماشای بەفر بارینم کرد، لە پەنجەرەی سۆزانییە ئەفسەرەکانەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، کە لەگەڵ برادەرێکم دانیشتبووم، دوو پێک ئارەق و قاپێ (ئاستیمان) لەبەردەم بوو، لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، بەفر هێواش و کلۆ کلۆ دەباری، ئیتر زانیمان هەموو شتێ بەگوێرەی ئەوێ ساڵێ بەسەرچوو.

چیاکانی سەرەوەی ڕووبارەکە دەستیان بەسەردا نەگیرا، هیچ چیایێ لە دواوەی ڕووبارەکەوە داگیر نەکرا. هەمووی بۆ ساڵی داهاتوو بەجێهێڵران. هاوڕێکەم چاوی بەقەشەی خۆمان کەوت، بەبەر پەنجەرەکەوە لەسەر شەقامەکەدا، زۆر بەوردی بەناو بەفراودا دەڕۆیی. هاوڕێکەم تەقەی لە پەنجەرەوە هێنا تا سەرنجی بۆ لامان ڕابکێشێ. قەشە سەری هەڵبڕی، چاوی بەئێمە کەوت، بزەیەکی هاتێ؛ هاوڕێییەکەم هێمایەکی بۆ کرد تا بێتە ژوورەوە. قەشە سەری لەقاند و لە ڕۆیین بەردەوام بوو. ئەوێ شەوێ هەڕشتەمان هەبوو، هەمووومان پێکەوە بۆی دانیشتین، هەر یەکێکمان زۆر بەپەلە و بەتامەزرۆیی هەڕشتەکەمان دەخوارد، بەچەنگاڵ بەرزمان دەکردەوە تا داو داوە بەم لاو بەولای چەنگاڵەکەوە دادەهاتە خوار و پاشان بۆ ناو دەممان شۆڕمان دەکردەوە، یاخود بەرە بەرە بەرزمان دەکردەوە و لەناو دەمماندا دەمانمژی، هەر کەسە بۆ خۆی مەی لە کەمۆڵە کالۆنییە بەگیا داپۆشراوەکە تێ دەکرد، کە لە ناو جۆلانەیەکی کانزایی دەهەژایەوە. هەریەکەمان بەپەنجەی دۆشاومژە کەمۆڵەکەمان دادەهێنایەوە. مەیەکە، سوور و بێگەرد و نازدار بوو کە ڕوودەکرا ناو پەرداخەکەوە، بەهەمان دەست پەرداخەکەمان هەڵدەگرت. پاش نانخواردن کاپتن پەلاری لەقەشە گرتن، کاپتنی هاوڕێم ڕووی لە قەشە کرد، قەشە جاحێڵ بوو و زوو شەرم دایدەگرت، وەکو ئێمە جلی سەربازی کردبووە بەر، بەڵام خاچێکی سووری تۆخی مەخمەڵی لە سەرەوەی گیرفانی چاکەتە بۆرەکەی بوو، کاپتن، لەبەر خاتری من، هەرچەندە جێی گومانیشە، بەئیتاڵییەکی لەنگە دوا تا بەتەواوی تێبگەم و هیچم لە دەست نەچێ.

کاپتن: «قەشە ئیمڕۆ لەگەڵ کچان بوو.»

وای گوت و سەیری من و قەشەی دەکرد. قەشە شەرم دایگرت، بزەیەکی هاتێ و سوور هەڵگەڕا و سەری خۆی لەقاند. ئەم کاپتنە زۆر جاران پەلاری لەقەشە دەدا.

کاپتن لێی پرسی: «وا نییە؟ قەشە ئەمڕۆ لەگەڵ کچان نەبووی؟»

قەشە: «نەخێر.»

ئەفسەرەکانی تریش هەوەستیان بەگاڵتە دەهات. کاپتن بەردەوام بوو گوتی:

«قەشە، خوا هەڵناگرێ، لەگەڵ کچان نەبوو، هەرگیز لەگەڵ کچان نییە!.»

بۆ منی ڕوون کردەوە، پەرداخەکەمی برد و پڕی کرد و تەماشای نێو چاوی دەکردم، بەڵام چاوی لە قەشەش هەڵنەگرت.

–«قەشە هەموو ئێوارەیێ یەک بەپێنجانە.»

هەموو ئەوانەی لەسەر مێزەکە بوون پێکەنین.

– «تۆ تێگەیشتی؟ قەشە هەموو شەوێ یەک بەپێنجانە.» هێمایەکی کرد و بەدەنگی بەرز پێکەنی و قەشەش ئەمەی بەنوکتە وەرگرت.

مێجەر: «پاپا حەز دەکا نەمساوییەکان لەشەڕ سەرکەون، ئەو (فرانس جۆزیفی) خۆشدەوێ. ناحەقی ناگرم پارەی لەوێوە بۆ دێ من خوانەناسم.»

ئەفسەرێ لە قەشەی پرسی:

«ئەرێ تۆ کتێبی (بەرازی ڕەشت) خوێندۆتەوە؟ دانەیەکت بۆ دێنم. ئەم کتێبە بوو باوەڕی لەق کردم.» قەشە وەڵامی دایەوە گوتی:

«ئەمە کتێبێکی پیس و پڕوپووچە. تۆ لە ڕاستیدا حەز لەو کتێبە ناکەی.»

ئەفسەرەکە گوتی:

«زۆر بەسوودە... دەربارەی باسوخواسی قەشەکانە. دەکەوێتە بەردڵت.»

زەردەخەنەیەکم بۆ قەشە کرد ئەویش لە بەرامبەر ڕووناکی مۆمەکانەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کردمەوە و گوتی: «تۆش نایخوێنیتەوە.»

ئەفسەرەکە گوتی: «بۆتی پەیدا دەکەم.»

مێجەر گوتی: «هەموو خاوەنبیرەکان خوانەناسن. هەرچەندەش من بڕوام بە(فڕی ماسون)ەوە نییە.»

ئەفسەرەکە گوتی:

«من بڕوام بە(فڕی ماسون)ەوە هەیە. ڕێکخراوێکی مەزنە.» لەو کاتەوە یەکێ هاتە ژوورێ. هەر کە دەرگایەکە کرایەوە بینیم بەفر دەبارێ.

گوتم: «بەفریش واهات ئیتر هێرش ناکرێ.»

مێجەر: «هەڵبەت هێرش نابێ. پێویستە تۆ مۆڵەت وەرگری و بچیتە ڕۆما، ناپۆلی،

سقلیە....»

ئەفسەرەکە: «پێویستە سەرێ لە (ئەمفیلی) بدەی. چەند کارتێکت پێ دەدەم. بۆ ماڵەوەمانی ببەی. کە لە (ئەمفیلی)ن. وەکو کوڕی خۆیان خۆشیان دەوێی.»

– «پێویستە بچیتە (پالیرمۆ).»

– «دەبێ بچیتە (کاپری).»

قەشە گوتی: «حەز دەکەم ئەبروزی ببینی و سەرێ لە ماڵەوەمان بدەی کە لە (کاپراکوتا)ن.»

– «گوێ بگرن. باسی (ئەبروزی) دەکا، ئەوێ بەفری لێرە زیاترە. ئەو نایەوێ جووتیاران ببینێ. وازبێنن بابچێتە ناو جەرگەی ڕۆشنبیری و شارستانییەت.»

– «دەبێ لەزەت لە کیژی شۆخ وەرگرێ. من ناونیشانی هەندێ جێگەی (ناپولی)ت دەدەمێ. کچی جوان و جاحێل. لەگەڵ دایکیان ها، ها، ها...»

کاپتن دەستی خۆی پان کردەوە، پەنجەی گەورەی لەسەرەوە بوو، پەنجەکانی تری پەرت کردن هەروەک بتەوێ سێبەری وێنەیێ دروست بکەی. سێبەری دەستی لەسەر دیوارەکەوە بەدیارکەوت. ئەمجارەش بەئیتاڵییەکی لەنگە دەستی بەقسە کرد، گوتی: «تۆ وەکو ئەمە دەڕۆیت.»

دەستی بۆ پەنجەی گەورە درێژ کرد.

«وەکو ئەمەش دەگەڕێیتەوە.»

پەنجە تووتەی خۆی گرت هەموویان پێکەنین.

کاپتن گوتی: «سەیرکە.» دەستی خۆی دیسان پان کردەوە. ئەمجارەش ڕووناکی مۆمەکە سێبەری دەستی لەسەر دیوارەکەوە دروست کردەوە. پەنجەی گەورەی قیت کردەوە. دەستی پێکردەوە ئینجا ناوی چوار پەنجەکەی تری برد و گوتی:

«سۆتۆتێنیتە، تێنیتە، کاپتینۆ، ماگیورۆ، تێنیتە کولونالۆ. تۆ وەکو سۆتۆتێنیتە دەڕۆیت وەکو تێنیتە کولونیلۆش دەگەڕێیتەوە»(١).

هەموویان پێکەنین. کاپتن زۆر بەزمی سەرکەوتووی بەپەنجەکانی ساز دەکرد. سەیری قەشەی کرد و هاواری کرد (هەموو شەوێ یەک بەپێنجانە) دیسان هەموویان پێکەنین.

مێجەر: «پێویستە هەر ئێستا مۆڵەت وەرگری.»

ئەفسەرەکە: «زۆر حەزم دەکرد لەگەڵت بهاتبام و هەندێ شتم نیشان دابای.»

– « کە گەڕایتەوە ئامێرێکی قەوانمان بۆ بێنە.»

(١) ناوی پەنجەکان بەم شێوەیە یەک لەدوای یەک «پەنجەی گەورە، دۆشاومژە، بالابەرزە، براتووتە، تووتە.» ئەم ناوانەم نەکرد بەکوردی چونکە چێژی ئەم یارییە لەناوە ئیتاڵییەکەیەتی واتە تۆ ئێستا ئەفسەری (تێنیتە)ی تا دەگەڕێنەوە دەبیت بەکولونیل.»

– «قەوانی خۆشترین ئۆپرا بێنە.»

«کارسۆ بێنە.»

– «نا کارسۆ مەهێنە. ئەو دەنەڕێنێت.»

– «تۆش حەز ناکەی وەکو ئەو بنەڕێنی.»

– «ئەو دەنەڕێنی پێم گوتی ئەو دەنەڕێنی.»

لەناو قاژ و قیژی ئەوانەوە بوو قەشە گوتی: «حەز دەکەم بچیە ئەبروزی. لەوێ نێچیری باش هەیە. خەڵکەکەت دەکەوێتە بەر دڵ. هەرچەندە ساردە بەڵام سووەکەی ساف و وشکە. دەتوانی لەگەڵ ماڵەوەمان بمێنیتەوە. باوکم ڕاوکەرێکی بەناوبانگە.»

کاپتن: «بابڕۆین. بەرلەوەی سۆزانیخانەکان داخرێن.»

بەقەشەم گوت: «شەو شاد.»

گوتی: «شەو شادتر.»

3

کاتێ گەڕامەوە بەرەی جەنگ هەر لە شارەکە بووین. ژمارەی تۆپەکانی دەوروبەری شار لە جاران پتر ببوون، بەهاریش داهاتبوو. ڕەزەکان سەوز بوون و لقی دارمێوەکانیش پۆقژەیان دابوو، درەختەکانی ئەملاو ئەولای ڕێگاش گەڵای بچووکیان دابوو، کزەبایەکیش لەدەریاوە دەهات. شارەکە و گرد و قەڵا کۆنەکەی سەرەوەم بینی لەناو باوەشی ئەو ڕیزە گرد و چیاکەی ئەو دیو دابوو؛ چیاکان بۆر دەچوونەوە و پەڵەیەکی سەوز لە لاپاڵیان دیاربوو. ژمارەی تۆپەکان لەشارەکەدا لە جاران پتر ببوون، چەند نەخۆشخانەی تازەشی تیا دروست کرابوو. لە شەقامەکاندا تووشی سەربازی بەریتانی، جارجارەش ئافرەتی بەریتانی دەبووین. چەند خانووێکی تریش بەر ئاگری تۆپ کەوتبوون. ئەوێ ڕۆژێ دنیا گەرم بوو، هەر دەتگوت بەهارە، منیش بەکۆڵانێ کە هەردوولای دارودرەخت بوو، شۆڕ بوومەوە، دیوارەکە بەهەتاو گەرم داگەڕابوو. بۆم دەرکەوت کە ئێستاش هەر لەهەمان خانوودا دەژین، هەموو شتێ چۆن لەو کاتەوە بەجێم هێشت وەکو خۆی بێ دەسکاری ماوەتەوە. دەرگاکە لەسەر پشت بوو. سەربازێکم بینی لەسەر ئەسکەملی دەرەوە لە بەربەرۆشک دانیشتبوو، ئۆتومبیلێکی فریاگوزاری لەلای دەرگای تەنیشت و بەر دەرگاوە ڕاوەستابوو.

کاتێ چوومە ژوورەوە بۆنی کاشییە مەرمەڕییەکانی نەخۆشخانە هات، هەموو شتێ چۆن بوو هەر وا مابوو. تەنیا ئەوە نەبێ ئێمە وا لە بەهاراین. لە دەروازەی ژوورە گەورەکەوە سەیری ژوورەوەم کرد.

مێجەرم بینی لەسەر مێزەکەی دانیشتبوو، پەنجەرەی ژوورەکە کرابووەوە، تیشکی

هەتاوی پێدا دەهاتە ژوورەوە. ئەو منی نەبینی، منیش دوودڵ بووم کە ئایا بچمە ژوورەوە ڕاپۆرتی پێشکەش بکەم وەیا بۆ قاتی دووەم سەرکەوم و خۆم بشۆم و جلەکانم ڕێکخەم... لە دواییدا بڕیارم دا وەسەرکەوم. ئەو ژوورەی من و ڕینالدی تیایدا دەژیاین بەسەر دەوراوپشتی دەشتەکەیدا دەڕوانی. پەنجەرەکەی کرابوونەوە، تەختەکەم ڕێکوپێک بوو بەپەتو داپۆشرابوو، شتەکانم بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوون و دەمامکە گازەکەم لەناو تەنەکەیەکی لاکێشەییدا بوو، تاسە کڵاوەکەم هەر بەسەر هەمان سنگۆلکەوەوە بوو، باولی جلکان و پۆتینە زستانییەکەم لەدامێنی تەختەکەم بوون، پۆتینەکەم لەبەر بۆیاخەکەی دەدرەوشایەوە لەسەر باولەکە دانرابوون. تفەنگە دووربینەکەرە نەمساوییەکەشم بەلوولە مەیلەو شینە هەشت لایەکە و قۆنداخە دەرپەڕیوە ڕێکوپێکە لەدارگوێز دروستکراوەکەی بەسەرەوەی هەردوو تەختەکەوە بەدیوارەکەوە وەکرابوون. دێتە بیرم دووربینەکەش لەناو باولە کلیلدراوەکەدا بوو. ڕینالدی لەسەر تەختەکەی تر خەوتبوو، کە گوێی لەدەنگی پێم بوو خەبەری بووەوە، هەستایەوە و گوتی:

«چاوو[1]، چۆنت ڕابوارد؟»

– «یەگجار خۆش»

تەوقەمان کرد و دەستی لەمل کردم و ماچی کردم.

گوتم: «ئۆف»

گوتی: «تۆ دژونی پێویستە خۆت بشۆی. بۆ کوێ چووی؟ چیت کرد؟ هەر یەکسەر هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە.»

– «چوومە هەموو شوێنێ میلانۆ، فلورەنس، ڕۆما، ناپۆلی، فیلاسان، گیوڤانی، مێسینا، تۆڕمینا...»

«وەکو خشتە لەبەرت کردووە، ئەرێ جەربەزەییت کرد؟»

– «بەڵێ»

– «لە کوێ؟»

– «لە میلانۆ، مرتری، ڕۆما، ناپۆلی...»

– «بەس، بەڕاستی پێم بڵێ کامیان لە هەموویان باشتر بوو.»

– «ئەوەی میلانۆ.»

– «چونکە ئەوە بەرایی بوو. ئەوت لە کوێ بینی؟ لە کۆڤا؟ بۆ کوێ چوون؟ هەستتان بەچی کرد؟ هەموو شتێکم پێ بڵێ. هەموو شەوێ لەگەڵی مایتەوە؟»

– «بەڵێ.»

(١) چاوو: وشەیەکی ئیتاڵییە واتە ڕۆژباش. لە ئینگلیزییەکە وا نووسراوە بۆیە نەمکردووە بەکوردی.

– «ئەمانە هیچ نین. لێرە کچی جوانمان هەنە. کچی جوان کە پێشتر نەهاتوونە بەرەی جەنگەوە.»

– «نازدارە!»

– «بڕوام پێ ناکەی؟ هەر بەم پاش نیوەڕۆیە دەچین. ئەوجا دەبینی لەشاردا کچی ئینگلیزی جوانمان هەیە. ئێستا من کەوتوومەتە داوی ئەوینی بارکلییەوە. دەتبەم بۆ سەردانیان. لەوانەشە بارکلی بخوازم.»

– «پێویستە خۆم بشۆم و ڕاپۆرتەکەم بنووسم. ئێستا کەس لە ئیشدا نییە؟»

– «لەو کاتەوە کە تۆ ڕۆیشتی هیچ شتێکی وامان نەبووە، تەنیا سەرمابردی، دەست و پێ شەقبوون لەساردی، زەرتک، سۆزەنەک، برینی لە خۆوە، دەردەباریکە و وشکە برینی ناو گەڵان. لە هەموو هەفتەیەکیشدا یەکێ بەتلیشەبەرد هەر بریندار بووە، کەمێ برینداری شڕیشمان هەبووە. وە لە هەفتەی داهاتوودا شەڕ دەست پێدەکاتەوە، لەوانەیە دەست پێبکاتەوە. وا دەڵێن. ئایا خوازبێنم بۆ بارکلی پاش شەڕ بەچاک دەزانی؟»

ئاوم لە تەشت دەکرد و گوتم:

– «زۆر چاک.»

ڕینالدی گوتی: «ئەمشەو دەبێ هەموو شتێکت پێ ڕابگەیێنم. ئێستا دەچم سەرخەوێ دەشکێنم تا بۆ بارکلی تاسولووس بم.»

منیش کورتەک و کراسەکەمم لەبەرکردەوە، بەئاوی ساردی ناو تەشتەکە خۆم شوشت. کاتێ خۆم بەخاولی وشک کردەوە، چاوێکم بەژوورەکە خشان، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد، سەیری ڕینالدیشم کرد، ئەو لەسەر شوێنەکەی خۆی پاڵکەوتبوو. چاوی خۆی لێکنابوون، زۆر جوان دەهاتە بەرچاو، هاوتەمەنم بوو، لە (ئەمالفی)یەوە هاتبوو حەزی لە نژادری دەکرد، زۆر برادەری یەکتری بووین. لەو کاتەی سەیرم دەکرد چاوی خۆی هەڵێنا.

«پارەت هەیە؟.»

«بەڵێ.»

«پەنجا لیرم بەقەرز بدێ.»

دەستی خۆمم وشک کردەوە، جیزدانە بچووکەکەم لە گیرفانی کورتەکەکەم دەرهێنا، کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو. ڕینالدی بێ ئەوەی لە جێگەی خۆی هەڵبستێتەوە لێی وەرگرتم، لە گیرفانی پانتۆڵی دانا، بزەیەکی هاتێ گوتی:

– «دەبێ وا بۆ بارکلی دەربخەم کە خاوەن پارە و تێرم، تۆ گەورەترین و باشترین برادەری و پەناگەی دارایی منی.»

گوتم: «بڕۆ جەهەنەم!.»

ئەوێ شەوێ، لەگەڵ هاوڕێیان کە نانمان دەخوارد، لەتەک قەشە دانیشتبووم، ئەو زۆر

نائومێد بوو لە پڕ هەستی بەئازار کرد. دڵ بریندار بوو، بەوەی نەچووبوومە ئەبروزی. بۆ باوکی نووسیبوو کە من دەچمە ئەوێ باوکیشی تەدارەکی پێشوازیکردنمی ئامادە کردبوو. منیش بەقەدەر ئەوەوە پەشیمانی دایگرتم وە خۆشم تێنەگەیشتم بۆ نەچووم. خۆم نەمویست بچم وە هەوڵم دا ئەوە ڕوون بکەمەوە، لەبەر ئیشێک دەبوایە ئیشی تر بکەم لە کۆتاییدا هاتە ڕایێ و لێم تێگەیشت کە بەڕاستی ویستوومە بچم، بەوە هەموو شتێ گەڕاوە باری جارانی. زۆرم خواردبووەوە پاشان قاوە و (ستریگا)م خواردەوە. بەسەرخۆشی ئەوەم ڕوون کردەوە کە چۆن ئەو شتانە ئەنجام نادەین، کە خۆمان دەمانەوێ. هەرگیز ئەو شتانە ناکەین.

هەردووکمان قسەمان دەکرد، ئەوانی تریش کەوتبوونە مشت و مڕەوە. پڕ بەدڵ ویستم بچمە (ئەبروزی)، من نەچوومە هیچ شوێنێ لەو شوێنانەی شەختە شەقامەکانی وەک ئاسن ڕەق کردبوو، ئەو شوێنانەی کە سارد و بێگەرد و هەوا وشک بوون و بەفریش وشک و پرووشەیی بوو شوێن پێی کەروێشکانی لەسەر دەبینرا. جووتیارەکانیش شەپقەکانیان لەسەر دەکردەوە و بەنازناوی (لۆرد) ڕێزیان لێ دەنای و نێچیری باشی لێ دەستگیر دەکرا. من نەچوومە هیچ شوێنێ لەو شوێنانە، بەڵکو چوومەتە خانە و مەیخانە بەدووکەڵ قانگدراوەکان؛ کە ژوورەکان لە پێش چاوت دەسووڕان، دەبووایە تەماشای دیوارەکەت بکردبایە تا ڕاتگرتبایە. شەوان بەسەرخۆشی لەنێو جێگا دەبووین و دەتزانی هەموو شتێک لەبەردەستایە. ئەو جۆشە نامۆیەیی کاتی واگاهاتنەوە بێ ئەوەی بزانێ کێت لەگەڵدا بووە، ئەم دونیایە ناڕاستەی کە لەناو تاریکیدا بەجۆرێ دڵبزوێنە کە بەبێ ئەوەی بزانیت و گوێی پێ بدەی بخرێتە باوەشی شەوانە و، ناچار دەبووی جارێکی دی سەرلەنوێ خۆت لەوە دڵنیا بکەیت کە ئەوە هەموو شتێکە لەو ژیانە و هەر گوێش بەهیچ نەدەیت. کوتوپڕ گرینگیت بەزۆر شت دەدا، بەنووستن، خەبەربوونەوە، لەگەڵ ئەم کردەوەیە، هەندێ جار بەیانیان، ئەو هەمووەی لەوێ بوونە ئۆغریان کردووە. هەموو شتێ توندوتیژ و ڕەق و ئاشکرایە، جار بەجار مشتومڕ لەسەر نرخ دەقەوما، هەندێ جاریش هێشتا خۆشی و خۆشەویستی و فێنکاتی و چاشت و فرەوینی تیابوو، هەندێ جاریش خۆشی نەدەما وا بەختیار دەبووی بچیتە سەر شەقامەکان. بەڵام هەردەم ڕۆژێکی تر دەستی پێدەکردەوە پاشان شەوی تری بەدواوە هەر دەهات.

ویستم دەربارەی شەو قسە بکەم و جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژ دیاربخەم. ئەوە بڵێم چۆن شەو لە ڕۆژ چاکترە، هەرچەندە ڕۆژ لەشەو زۆر بێگەرد و سارترە. بەڵام نەمتوانی ئەوە بدرکێنم. هەروەکو ئێستاش ناتوانم باسی بکەم. بەڵام خۆ گەر تۆش شەوگاری وات بەسەر بردبێ تۆ دەزانی. ئەو شتی وای نەدیوە. بەڵام ئەو تێگەیشت کە لەڕاستیدا ویستوومە بچمە ئەبروزی، بەڵام نەچووم. ئێمە برادەری یەکتری بووین، لە زۆر شت زەوقمان وەکویەک لەگەڵێ شتیش لەیەکتری جیاین، ئەو هەردەم دەیزانی من چ نازانم

و، هەرکاتێ فێری بووم، توانای لە بیرکردنم هەیە. بەڵام ئەوەی نەمدەزانی پاشان فێری دەبووم. تا ئەو کاتە، کە هەموومان نانمان خوارد، جەمە نانەکە دوایی هات مشت و مڕ بەردەوام بوو، ئێمە هەردووکمان لەقسە وەستاین.

کاپتن هاواری کرد:

«قەشە بێ کەیفە، قەشە بێ کچ بێ کەیفە.»

قەشە: «بەکەیفم.»

کاپتن: «قەشە بێ کەیفە. قەشە دەیەوێ نەمساوییەکان سەرکەون.»

خەڵکەکە گوێیان بۆ کاپتن ڕادێرابوو.

قەشە سەری خۆی لەقاند و گوتی: «نەخێر»

– «قەشە دەیەوێ ئێمە هەرگیز هێرش نەکەین. ناتەوێ ئێمە هەرگیز هەڵمەت ببەین؟ وانییە؟»

– «نەخێر، مادام شەڕ هەیە بەپێویستی دەزانم هەڵمەت ببەین.»

– «دەبێ هێرش ببەین، هەر هێرش دەبەین.»

قەشە سەری خۆی لەقاند.

کاپتن گوتی: «لێی گەڕێ، قسەکانی لە جێن.»

– «هەر چۆنێ بێ ئەو هیچی پێ ناکرێ.»

ئەمەی گوت و هەموو هەستانە سەر پێ و مێزەکەیان بەجێهێشت.

4

تۆپی ناو باخچەی تەنیشتمان بەیانی واگای هێنام و، تیشکی ڕۆژم بینی لە پەنجەرەوە دەهاتە ژوورەوە. چوومە بەر پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەم کرد. ڕێچکە چەوڕێژەکراوەکە شێدار بوو گیاش بەخوناو تەڕ ببوو. تۆپەکە دووجار لرمەی هات، لەگەڵ هەر لرمەیێ هەوایەکی بەهێز هەڵی کرد و پەنجەرەکەی هەژاند و بەشی پێشەوەی بێجامەکەی پێکدادایەوە. تۆپەکانم لێ دیار نەبوون. بەڵام گوللەتۆپەکان ڕاستەوخۆ بەسەر سەرمان تێدەپەڕین. بوونیان لەوێ شتێکی ناڕەحەت بوو، بەڵام بەوە دڵمان خۆش بوو کە لە چەشنی زۆر گەورە نەبوون. کە سەیری دەرەوەم کرد، لەناو باخچەکە گوێم لەهاژەی تڕێلەیەک بوو بەڕێگەکەدا دەڕۆیی، جلەکانم کردەبەر، دابەزیمە خوارەوە. هەندێ قاوەم لەناندین خواردەوە و چوومە گەراج. دە ئوتومبیل لەژێر پەسارگە درێژەکە ڕیز ببوون. ئەوانە ئوتومبیلی فریاگوزاری نەفرەجای لمووز پانی ڕەنگ بۆر بوون وەکو ماشینی بارهەڵگر دروست کرابوون. فیتەرەکان لە گۆڕەپانی گەراجەکە خەریکی چاککردنەوەی یەکێکیان بوون. سێی تریش لەسەر چیاکاندا لە نزیک بنکەی تیمارگەری بوون. لە

فیتەرێکم پرسی:

– «ئەرێ ئەوان قەت تۆپخانەکانمانیان کوتاوەتەوە؟»

– «نەخێر سینیۆر تێنیتە، ئەو گردە بچکۆڵەیە ئەوانی پاراستووە.»

– «ئیشتان چۆنە؟»

– «زۆر خراپ نییە. ئەم ئوتومبیلە باش نییە. بەڵام ئەوانی تر ئیش دەکەن.»

فیتەرەکە لەکار وەستا و زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

«مۆڵەتت وەرگرتبوو؟»

– «بەڵێ.»

دەستی بەبەدلەکەیەوە سڕییەوە و گرژییەوە و گوتی:

« کاتێکی خۆشت ڕابوارد؟»

ئەوانی تریش گرژینەوە.

گوتم: «باش بوو. ئەرێ ئەم ئوتومبیلە چییەتی؟»

– «باش نییە، کونێکی دەگری، کونێکی تری تێ دەبێ؟» (١)

– «ئێستا چییەتی؟»

– «پێویستی بەڕینگی (٢) تازەیە.»

بەجێم هێشتن کار بکەن. ئوتومبیلەکە ڕووتکراو و بەتاڵ دیاربوو، مەکینەکەی کرابووەوە و پارچەکانی لەسەر دەزگای (٣) ئیشکردن پەرتوبلاو ببوونەوە، چوومە گەراجەکە، لەژێر پەسارگەکە یەکەیەکە سەیری ئوتومبیلەکانم کرد. تا ڕادەیێ چاک بوون، هەندێکیان تازە شوشترابوون، ئەوانی تریش تۆزاوی بوون، بەوردی چاوم بەتایەکانیان خشاند. تا بزانم چ جێی دڕاوە یان بەرد هەڵی زڕاندووە. هەموو شتێ ڕێکوپێک بوو. ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە لە لێرە بم یان لێرە نەبم هیچ جیاوازی نییە. بیرم لەدۆخی ئوتومبیلەکان و دەستکەوتنی پێداویستییەکانیان و ڕێکوپێکی گواستنەوەی برینداەرکان لەبنکەکانی بەرایییەوە بۆ بنکەکانی دواوە و دوای ئەمەش دابەشکردنیان بەسەر نەخۆشخانە دیارکراوەکانیان لەسەر ڕاپۆرتەکانیانم دەکردەوە. ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەستۆی مندا بوون. ئاشکرایە بوون و نەبوونم هیچ گیروگرفتی پەیدا نەدەکرد. لە وەستای فیتەرەکانم پرسی:

«چی وای تێدا نەما تووشی دەردەسەریمان بکات؟»

(١) لە ئینگلیزییەکە دەڵێ شتی لەدوای شت پێویستە.

(٢) ڕینگ: مەبەست (ئەلقەیە) نەک Wheel.

(٣) دەزگا: مێزی ئیش کردن.

– «نەخێر، سینیۆر تێنیتە.»

– «وێستگای گازۆلین لە کوێیە؟»

– «هەر لەشوێن خۆیەتی.»

گەڕامەوە خانووەکە، فنجانێکی تر قاوەم لەسەر مێزی نانخواردن خواردەوە. ڕەنگی قاوەکە قاوەییەکی کاڵ بوو. بەشیری پەیت شیرین کرابوو. لەودیو پەنجەرەکەوە بەیانییەکی خۆشی بەهاری بوو. سەرایی بۆنێکی وشک بەبەر کەپوومدا هات، ئەمەش وای بۆ دەرخستم کە ئەمڕۆ دونیا گەرم دەبێ. ئەو ڕۆژە چوومە بنکەکانی سەرچیا پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ گەڕامەوە شارەکە. هەر کە لەوێ نەبووم وا پێدەچوو هەموو شتێ بەڕێکوپێکی ڕۆیشتبێت. بیستم هێرش دەست پێدەکرێتەوە. ئەو تیپەی ئێمە خزمەتمان تیای دەکرد لەناوچە بەرزەکانی لای ڕووبارەکەوە دەست بەهێرش دەکا. کاپتن پێی گوتم دەبێ لەکاتی هێرش کردندا من چاودێری بنکەکان بکەم. وا دانرابوو کە لە شوێنێکی تەنگەبەری ڕووبارەکەوە بپەڕینەوە و لەناوچە گردەلانییەکان پەرتوبلاو ببنەوە. ئوتومبیلەکانیش دەبوایە لەبنکە داپۆشراوەکان بپارێزرێن و لەنزیکترین شوێنی ڕووبارەکەوە بن. شتێکی ئاساییە، دەبوایە ئەم بنکانە لەلایەن پیادەوە دەستنیشان کرابان، بەڵام دەبوایە ئێمە ئیشەکەمان ڕاپەڕاندبایە. ئەم کارەش شتێ بوو لەو شتانەی وات لێ دەکەن کە هەستی ساختەیی سەربازی لەگیانت بڕسکێنێ.

زۆر پیس و دڕون بووم. بۆ خۆشوشتن سەرکەوتمە سەرەوە. چوومە ژوورەکەم ڕینالدی لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو، دانەیێ کتێبی (هۆگۆ)ی لەبارەی ڕێزمانی ئینگلیزییەوە بەدەستەوە بوو. جلی لەبەر کردبوو. پۆتینە ڕەشەکانی لە پێدا بوو، قژی دەبریسکایەوە. کە منی بینی گوتی:

«دەرفەتە، تۆ لەگەڵما دێی بۆ دیتنی بارکلی.»

– «نەخێر»

– «بەڵێ تکایە لەگەڵم وەرە و یارمەتیم بدە کاری تێبکەم.»

– «باشە، چاوەڕێ کە تا خۆم ڕێک دەخەم.»

– «خۆت بشۆ و هەر بەم جلانە وەرە.»

خۆم شوشت، قژم شانە کرد، کەوتینە ڕێ...

ڕینالدی گوتی:

«تاوێ چاوەڕێ کە، دەبێ سەرو پێک بخۆینەوە.»

باولەکەی کردەوە بوتڵێکی دەرهێنا. گوتم:

« خۆ، ستریگا نییە؟»

گوتی: «نەخێر، گراپایە.»

- «زۆر باشە.»

دوو پێکی تێکرد. هەڵمان گرتن. پەنجەی گەورەمان بەرز ببووەوە. گراپاکە زۆر بەهێز بوو.

«پێکێکی تریش.»

گوتم: «قەی ناکا»

سەرو پێکی دووەمی گراپامان خواردەوە.

«ڕینالدی بوتڵەکەی لەو لا دانا، لە پێبلکەکە دابەزینە خوارەوە. شار بۆ ڕۆیشتن گەرم بوو، خۆر خەریک بوو ئاوابێ. ئەمەش دیمەنێکی دڵکەرەوە بوو.

نەخۆشخانەی بەریتانی ڤێلایەکی گەورە بوو، ئەڵمانییەکان پێش شەڕ دروستیان کردبوو. بارکلی لە باخچەکەدا بوو. سستەرێکی تری لەگەڵا بوو. جلە سپییە یەک تەرزییەکانیانمان لە کەلێنی درەختەکان بینی. بەرەو لایان چووین. ڕینالدی سلاوی لێ کردن، منیش بەنەرمی سلاوم لێ کردن. بارکلی گوتی: «خۆشحاڵم بەدیدەنیت. خۆ تۆ ئیتالی نیت، وا نییە.»

- «ئۆهـ، نەخێر.»

ڕینالدی لەگەڵ سستەرەکەی تر کەوتبووە قسان و پێدەکەنین.

«شتێکی سەیرە! چۆنە لەناو سوپای ئیتالی دای؟»

- «لەڕاستیدا لە ڕیزی سوپا نیم. لەگەڵ تیپی فریاگوزاریم.»

- «زۆر سەیرە، ئەرێ بۆ ئەو کارەت هەڵبژاردووە؟»

- «خۆشم نازانم، هەمیشە هەموو شتێ ڕوونکردنەوەی نییە.»

- «ئۆ، چۆن هیچ نییە، وا تێدەگەم کە دەبێ هۆیێ هەبێ.»

- «ئەم قسەیەت زۆر تەواوە.»

- «دەتوانین بەم شێوەیە لە قسەکانمان بەردەوام بین.»

گوتم: «نەخێر»

- «ئەمە دەرفەتە. وا نییە؟»

لە بارکلیم پرسی: «ئەم گۆپاڵە چییە بەدەستەوەیە؟.»

بارکلی کچێکی تا بڵێی کەڵەگەت بوو، جلێکی وای لەبەر بوو، وای بۆچووم جلی سستەران بێ، قژ کاڵی بەروخسار ڕەنگ گەنم چاوەکانی خۆڵەمێشی بوون، زۆر جوان هاتە خەیاڵم، گۆپاڵێکی لە ڕیشەی دارخورمای (ڕاتان)ی[1] دروست کراو و لەچەرم گیراوی بەدەستەوە بوو کە لە قامچی بووکەشووشەی مندالانی دەکرد.

(١) ڕاتان: جۆرە دارخورماییێکە لە ڕۆژهەلاتی هیندا دەڕوێ.

- «ئەم گۆپاڵە یادگاری لاوێکە پار لە شەڕدا کوژراوە»

- «زۆر بەداخەوە.»

- «گەنجێکی کۆک بوو، بڕیار بوو بمخوازێ بەڵام لە شەڕی (سۆم)دا کوژرا.»

- «شەڕێکی توندوتیژ بوو.»

«لەوێ بووی؟»

- «نەخێر، تەنیا گوێم لێی بووە، هیچ شەڕێکی تری وەک ئەو شەڕە چەپەڵە لێرە ڕووی نەداوە. ئەوان ئەو گۆپاڵەیان بۆ ناردووم، دایکی لەگەڵ جل و بزگوری بۆی ناردووم.»

- «ماوەی دەزگیرانییتان زۆری خایاند؟»

- «هەشت ساڵ. ئێمە پێکەوە گەورە بووین.»

- «لەبەرچی زەماوەندتان نەگێڕا؟»

- «نازانم من گێل بووم، ئەگینا ئەمتوانی بەهەر جۆرێ بوایە ئەم کارەم ڕاپەڕاندبایە، لەو باوەڕەدا بووم کە ئاکامێکی خراپی بۆ ئەو بێ؟»

«تێگەیشتم.»

- «کەست لەژیانتا خۆش ویستووە؟»

گوتم: «نەخێر.»

لەسەر سەندەلیێ دانیشتبووین. تەماشایم کرد. گوتم: «پرچت زۆر جوانە»

- «دڵت دەیگرێ؟»

- «زۆر زۆر»

- «کە جوانە مەرگ بوو خەریک بوو بەتەواوی بیبڕم.»

- «نەکەی بیبڕی.»

- «ویستم شتێکی بۆ بکەم. خۆ تۆ دەبینی گوێم بەهیچ شتێکی تر نەداوە. دەیتوانی هەموو شتێکم لێ داوا بکا. دەیتوانی هەر شتێکی لێم بوویستبایە بەدەستی بێنێ، گەر بمزانیایە، دەبوایە زەماوەندمان گێڕابایە وەیا شتی ترم کردبایە. من ئێستا وا ئەو هەموو شتە دەزانم. بەڵام ئەو کاتەی ویستی بچێ بۆ شەڕ من پێم نەزانی.»

هیچم نەگوت.

- «ئەو کات هیچ شتێکم نەدەزانی، وام دەزانی بۆ ئەو ئەمە شتێکی خراپ دەبێ. لەو باوەڕە بووم ئەو ناتوانی بەرگەی ژیانی شەڕ بگرێ لە ئەنجامدا بەمەرگ شاد بوو و هەموو شتێک کۆتایی پێ هات.»

- «ئەم زانیوە.»

- «ئۆهـ، بەڵێ ئەمە کۆتاییەکەی بوو.»

تەماشای ڕینالدیمان کرد. لەگەڵ سستەرەکەی تر کەوتبووە قسەوە.

پرسیم: «ناوی چییە؟»

– «فێرگسۆن. هێلین فێرگسۆن. هاوڕێکەت دکتۆرە، وانییە؟»

– «بەڵێ، دکتۆرێکی باشە.»

– «ئەمە ڕێکەوتە. بەدەگمەن لە شوێنێکی وا نزیک لە بەرەوە چاومان بەیەکێکی باش بکەوێ. وانییە؟»

– «ڕاستە.»

گوتی: «بەرەیەکی تروهاتە. بەڵام زۆر جوانە. چ هێرشێ دەکرێ؟»

«بەڵێ.»

– «ئەو کات دەبێ کار بکەین، هەرچەند ئێستا بێ کارین.»

– «لەمێژە سستەری؟»

– «لە کۆتایی پازدەکانەوە[1].

کە ئەو چوو بۆ شەڕ دێتە بیرم بیرێکی پووچ هاتە مێشکم. لەو باوەڕە بووم کە دێتە ئەو نەخۆشخانەی منی تیام، وای بۆ چووم، کە بە شیر بریندار بووە و سەریشی شاشی لێ بەستراوە. وەیا گوللەیەکی بەشان کەوتووە. شتێکی ئەندێشەییە.»

گوتم: «بەرەیەکی ئەندێشەییە.»

– «بەڵێ، خەڵک وە تێناگەن کە فەرەنسا لە چ بارێکدایە. ئەگەر تێگەیشتبان ئەم کوشتارە بەردەوام نەدەبوو. ئەو بە شیر بریندار نەبوو بەڵکو نارنجۆکیان پێ دادابوو پەل پەل ببوو.»

نقەم لێوە نەهات.

– «لەو باوەڕەی شەڕ بەردەوام بێ؟»

– «نەخێر»

– «چ دەیوەستێنێ؟»

– «دەبێ لەلایێ بشکێ.»

– «ئێمە دەشکێین. ئێمە لە فەرەنسا دەشکێین، ئەوان ناتوانن لەشەڕ بەردەوام بن و قەسابخانەیەکی وەکو (سۆم) دروست بکەن و نەشکێن.»

گوتم: «لێرە ناشکێین.»

– «لەو باوەڕە نیی؟»

– «نەخێر، ئەوان پار هاوینێ دکرێکی چاکیان پێ کردن.»

(١) لەکۆتایی پازدەکانەوە: واتە کۆتایی ساڵی ١٩١٥.

گوتی: «لەوانەیە ئەوان بشکێن. هەموو کەسێ ڕەنگە بشکێ.»

– «ئەڵمانییەکانیش.»

گوتی: «نەخێر، لەو باوەڕە نیم.»

لەپاشا چووینە لای ڕینالدی و فێرگسۆن.

ڕینالدی بەئینگلیزی لە فێرگسۆنی پرسی:

– «ئیتاڵیات خۆش دەوێ؟»

– «یەگجار»

ڕینالدی سەری خۆی لەقاند گوتی:

«تێ نەگەیشتم.»

قسەکەی فێرگسۆنم کردە ئیتاڵی گوتم:

«AAbbastanze bene»

سەری خۆی لەقاند.

– «زۆر باش نییە. ئینگلتەرەت خۆش دەوێ؟.»

– «زۆر نا ، من سکوتلەندیم. دەزانی؟»

ڕینالدی بەخەیاڵی ڕۆیشتووەوە سەیری منی دەکرد. بەئیتاڵی گوتم:

– «ئەو سکوتلەندییە. سکوتلەندای لە ئینگلتەرە خۆشتر دەوێ.»

– «بەڵام سکوتلەندا بەریتانیایە.»

ئەم دەستەواژەیەم بۆ فێرگسۆن پەرچەڤەکرد.

فێرگسۆن: «Pas encore»

– «بەڕاستی نا؟»

– «نەخێر، ئێمە ئینگلیزمان خۆش ناوێ»[1]

– «هەرگیز ئینگلیزتان خۆش ناوێ؟ (بارکلی)شت خۆش ناوێ؟»

–«ئاه، ئەمە جیاوازە. نابێ هەموو شتێ وەکو یەک لێک بدەینەوە.» پاش ماوەیەک شەوشادیمان لەیەکتری کرد و بەجێمان هێشتن و گەڕاینەوە ماڵ. ڕینالدی گوتی:

– «بارکلی تۆی لەمن بەدڵترە. ئەوە زۆر ئاشکرایە. بەڵام کیژۆڵە سکوتلەندییەکە زۆر جوانە.»

(١) فێرگسۆن کە دەڵێ ڕقی لە ئینگلیزە مەبەستی دەوڵەتی بەریتانیایە چونکە بەریتانیا وڵاتەکەی ئەوانی داگیرکردووە کە (سکوتلەندا)یە بە بەشێک لە بەریتانیای گەورەی دادەنێ. وە گەلی سکوتلەندا چەندەها ساڵە خەبات دەکا تا لەژێر چەپۆکی بەریتانیا ڕزگاری ببێ بەسەرۆکایەتی (سوپای نهێنی ئیرلەندی) ڕۆژ نییە دەست لە سوپای داگیرکەر نەوەشێنن.

گوتم: «زۆر» خۆشم درکم بەوەکرد «تۆ ئەوت خۆش ئەوێ؟»

ڕینالدی گوتی: «نەخێر.»

5

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی جارێکی تر چوومەوە سەردانی خانم بارکلی. لەناو باخچەکە دانەنیشتبوو. منیش چوومە دەرگای لاتەنیشتێی باڵەخانەکە کە ئوتومبیلەکانی فریاگوزاری لەبەردەم ڕادەوەستا. لەژوورەوە سەرۆکی سستەرانم بینی پێی ڕاگەیاندم کە خانم بارکلی نۆرە ئیشیەتی. (ئیمڕۆ شەڕ دەستی پێکردۆتەوە) منیش گوتم دەزانم.

گوتی: «تۆ ئەمریکی لە سوپای ئیتاڵی؟»

– «بەڵێ.»

«چۆن وا هات ئەمە بکەی؟ بۆچی نەهاتییە ریزی ئێمە و لەگەڵ ئێمەمانان بی؟»

– «نازانم دەتوانم ئێستاکە بێمە ریزەوە؟»

– «بەداخەوە پێم بڵێ بۆچی چوویتە ریزی ئیتاڵییەکانەوە؟»

گوتم: «لە ئیتاڵیا بووم. ئیتاڵی دەزانی.»

گوتی: «ئۆه! من تازە بەتازە وا فێری دەبم. زمانێکی خۆشە.»

– «هەندێ کەس دەڵێن، دەتوانی لەماوەی دوو هەفتە فێر ببی.»

– «پەه، ئەوا من لە دوو هەفتەدا فێری نەبووم، گەرچی وا بۆ چەند مانگێ دەچێ دەیخوێنم. گەر مەبەستت دیتنی کاترینە دەتوانی دوای سەعات حەوت بێی ئەوکات دەستی بەردەبێ. بەڵام نەکەی کۆمەڵە ئیتاڵییەک لەگەڵ خۆت بێنی.»

– «تەنانەت لەبەر خاتری زمانە خۆشەکانیشیان.»

– «نەخێر، تەنانەت لەبەر جلە سەربازییە جوانەکانیشیان.»

گوتم: «ئێوارەت شاد.»

– «ریڤیدرسی تێنیەتە.»

– «ریڤیدرا.»

منیش خواحافیزم لێ کرد و چوومە دەرەوە. زۆر زەحمەتە وەکو ئیتاڵیان خواحافیزی لە بیانیان بکەی بێ ئەوەی نەشێوێی. وا تێگەییبووم کە ماڵئاوایی ئیتاڵی هەرگیز بۆ ناردنە دەرەوە بەکارنێ(٢).

ژوورەکە گەرم بوو، منیش چووبوومە سەر ڕووبارەکە و تا سەری پردەکەی (پلاڤا)

(٢) مەبەست لەبەر قورسی زەحمەتی خواحافیزکردنە بەئیتاڵی. کە غەیرە ئیتاڵییەکان بەئاسانی فێری نابن.

چووم. بڕیار وا بوو هێرش لەوێوە دەست پێ بکات. ساڵی پار چوونەپێش لە ناوچەی ئەوبەر زۆر ستەم بوو. چونکە تاکە ڕێگایێ لەوێ هەبوو. ئەویش دادەکشایە خوارەوە بەرەو پردی کەڵەک دەچوو، بەدرێژایی یەک میل لەژێر ڕەحمەتی گڕی تۆپەکاندا بوو. سەرەڕای ئەوەش پردی کەڵەک ئەوەندە فراوان نەبوو، تا هەموو گواستراوەکان واتە سەرباز و ئوتومبیلەکان بۆ هێرشێ بەپۆستەیێ هەڵبگرێ. نەمساوییەکان دەیانتوانی ئەو ناوە بەخوێنی کوژراو سوور بکەن، بەڵام ئیتاڵییەکان لە ڕێگایەکی بچووک لەوبەری ڕووبارەکەوە پەرتەیان کرد و میل و نیوێکیان لەبەری نەمساوییەکان گرت.

ئەوێ جێگایەکی سەخت بوو. نەدەبوا نەمساوییەکان لێ بگەڕێن ئەوێ داگیر بکەن، وای بۆ چووم کە ئەمە چاو لێپۆشینێکی هاوبەشی بوو. چونکە سەری پردەکە و ئەولای ڕووبارەکە هەر بەدەست نەمساوییەکانەوە مابوو؛ مەتارێزەکانیان لەسەر گردەکان بوو چەند یاردەیێ لە ئیتاڵییەکانەوە دوور بوو. ئەم شوێنە وەختی خۆی شارۆچکەیەک بوو، بەڵام هەمووی بۆتە پەلەبەرد، ئەوەی لەوێ مابوو، پاشماوەی ئیستگەیەکی شەمەندەفەر و پردێکی جێگیر کە نەدەتواندرا جارێکی تر بەکاربێتەوە چونکە لەبەر چاوان بوو.

ملی ڕێگا تەسکەکەم گرتەبەر بەرەو ڕووبارەکە چووم، ئوتومبیلەکەم لە بنکەیێ بەجێهێشت، لەژێر گردەکەوە. لە پردە کەڵەکەکە پەڕیمەوە کە چیایەکە پەنای لێ کردبوو.

بەناو مەتارێزەکانی ناو شارۆچکە خاپوورکراوەکە بەلێواری هەڵدێرەکەوە ڕۆیشتم، سەربازەکان هەموویان لەناو قۆرتەکاندا بوون. چەند ریزێ ڕۆکێت بۆ بەهانا گەیشتنی تۆپ داندرابوون، وەیا لەکاتی پچڕانی تەلی تەلەفۆن وەکو نیشانە بەکاربهێنرێن. بەرەی شەڕ ئارام، گەرم و پیس بوو. سەیری هێڵەکانی بەرەی نەمساوییەکانم کرد، کەس دیار نەبوو. لەگەڵ کاپتنی ناو قۆرتێک خواردمەوە کە لەناو داڵدەکەوە ناسیم، بەسەر پردەکەدا گەڕامەوە.

ڕێگایەکی فراوانی نوێ خەریک بوو تەواو ببێ، لەوێش پێچ پێچ سەردەکەوتە سەر، بەرەو پردەکە دادەکشا، هەرکاتێ ئەم ڕێگایە تەواو ببێ هێرش دەست پێدەکرێ. ئەم ڕێگایە بەناو دارستاندا بەلۆفەی تیژ دەهاتە خوارەوە. بڕیار وابوو کاتی هێرش هەموو شتێ بەسەر ئەم ڕێگایە نوێیە دەرچووبایە و ترێلە بەتاڵەکان و عارەبانەکان و ئوتومبیلە فریاگوزارە بەبارەکان و هەموو شتێکی گواستنەوە هاتبایە سەر ڕێگا نوێیەکە. بنکە پزیشکییەکە لەبەری نەمساوییەکان و لەوبەری ڕووبارەکە و، لەژێر لێواری گردەکە بوو، دەستەبەرە هەڵگرەکانیش دەبوایە بریندارەکانیان لەپردی کەڵەکەکە بپەڕێننەوە. ئەگەر هێرشیش دەست پێ بکات هەر بەم شێوەیە دەبێ. بەدرێژایی میلێ وەیا زیاتر لە ڕێگا تازەکە، کاتێ هێرش دەست پێ بکا تا ڕاستەڕێیەکە دەکەوێتە ژێر ئاگری تۆپەکانی نەمساوییەکان. وا دیار بوو فەرتەنەیێ بقەومێ. پەنایەکم بۆ ئوتومبیلەکان دۆزییەوە تا ئوتومبیلەکانی تیادا بپارێزرێ. پاش ئەوەی ناوچە بەدەکە دەبڕن، دەتوانن چاوەڕێی بریندارەکان بکەی کە بەپردەکە دەیان پەڕێننەوە. حەزم کرد لەسەر ڕێگا تازەکە ئوتومبیل

لێخورم، بەڵام هێشتا تەواو نەبوو بوو. وا پێدەچوو فراوان و زۆر بەچاکی دروست کرابێ. لۆفەکانی باش بوون، پێچەکانی ڕێک و دیاربوون، دەتوانی لەنێو دارەکانی دارستانەکەی سەرچیاکەوە پێچەکانی ڕێگا ببینی. ئوتومبیلەکان هیچ مەترسییەکیان لەسەر نەبوو، چونکە بڕێکی کانزاییان هەبوو. هەر چۆنێ بێ لەکاتی دابەزین لە لێژاییەکاندا قورس نەبوون. بەڕێگایەکی تەسکدا گەڕامەوە.

قەرەبینا بەدەست ئوتومبیلەکەیان ڕاگرت. تۆپێ کەوت، لەو کاتەی ڕاگیرابووین سێی تریش کەوتنە سەر ڕێگاکە. تۆپەکان لەچەشنی حەوتا و حەوت بوون، بایەکی بەووشەوشیشی لەگەڵ دەهات، تەقینەوەیەکی توند و بریقەدار و ترووسکە و پاشان دووکەڵێکی خۆڵەمێشی ڕێگاکەی تەنی. قەرەبینادارەکان نیشانەیان بۆ کردین. بەو شوێنانە تێپەڕین کە تۆپیان بەرکەوتبوو من لە شوێنە شکاوەکان دوورکەوتمەوە. بۆنی تەقینەوەی گەورە و بۆنی قوڕ و بەردی هەڵتەکاو بەردە ئەستێی تازە هاردڕاوم کرد. بۆ (گوریزیا) گەڕامەوە بۆ باڵەخانەکەمان لێم خوڕی. لەدڵی خۆمدا گوتم، چووم بۆ دیدەنی بارکلی لە ئیشدا بوو. نانی ئێوارەم زۆر بەپەلە خوارد. بۆ ئەو باڵەخانەیە چووم کە بەریتانییەکان نەخۆشخانەی خۆیانیان تیای دانابوو. بەڕاستی زۆر گەورە و خۆش بوو، دارودرەختێکی جوانیش لەناو باخچەکەیدا هەبوو. بارکلی لەسەر ئەسکەملێکی ناو باخچەکە دانیشتبوو. خانم فێرگسۆنی لەگەڵا بوو. بەدیتنم زۆر دڵشاد بوون. پاش ماوەیەکی کەم فێرگسۆن داوای لێبووردنی کرد و بەجێی هێشتین. فێرگسۆن گوتی:

«هەردووکتان بەجێ دێڵم، بەبێی من دەتوانن کاتێکی خۆش پێکەوە بمێننەوە.»

بارکلی گوتی: «هێلێن مەڕۆ.»

– «حەزم دەکرد، بەڵام هەندێ نامەم هەیە دەبێ بیان نووسم.»

گوتم: «شەو شاد»

– «شادتر مستەر هێنری»

«شتێکی وا مەنووسە سانسۆری پۆستە دڵتەنگ بکا.»

«مەترسە تەنیا دەربارەی ئازایەتی ئیتاڵییەکان و ئەو شوێنە خۆشانە دەنووسم کە تیایدا دەژیم.»

– «لەسەر ئەم نووسینانە خەڵات دەکرێی.»

– «شتی باشە، شەو شادتر کاترین.»

کاترین: «کەمێکی تر دەتبینمەوە.»

خانم فێرگسۆن لەتاریکیدا ڕۆیی و ئێمەی بەجێهێشت.

«ئای فێرگسۆن کچێکی چاکە.»

– «ئا، بەڕاستی زۆر چاکە، سستەرە.»

– «ئەی تۆش سستەر نیی؟.»

– «ئۆه، نەخێر، پیشەیەکی ترم هەیە پێی دەوترێ (V.A.D)[1] زۆر کاری دژوارمان ئەنجام داوە، سەرەڕای ئەمەش تا ئێستا نەبووینەتە جێی متمانەیان.»

– «لەبەرچیی؟.»

«گەر ئیشیان پێمان نەبێ ئەوا جێی متمانە نین. بەڵام ئەگەر بەڕاستی ئیشیان هەبێ، ئەوا دەبینە جێگەی متمانەیان.»

– «جیاوازی نێوان ئێوە و سستەران چییە؟»

– «سستەر وەکو پزیشکە پێویستی بەماوەیەکی زۆرە تا ببێتە سستەر. بەڵام هاتنە ریزی (V.A.D) پێویستی بەو ماوە درێژە نییە»

– «تێگەیشتم.»

ئیتاڵییەکان حەز ناکەن ئافرەتەکانیان لە نزیک بەرەوە بن، بۆیە ئێمە لەژێر چاودێرییەکی تایبەتی داین. ناتوانین بێینە دەرەوە.»

– «خۆ من دەتوانم بۆ ئێرە بێم؟»

– «ئۆه، بەڵێ، خۆ ئێمە وەکو ڕەبەنان بەند نەکراوین.»

– «با خۆ لەشەڕ دەربازکەین.»

– «ئەمە زۆر زەحمەتە هیچ شوێنێ نییە خۆی پێ دەرباز بکەین.»

– «هەر چۆنێ بێ با خۆ دەرباز بکەین.»

– «زۆر باشە»

لەتاریکیدا هەریەک لە ئێمە سەیری ئەوی تری کرد. بارکلیم زۆر جوان هاتە بەرچاو، دەستیم گرت، ڕێگەی دام دەستی بگرم، دەستیم بەرز کردەوە تا باسکم لە قۆڵی وەربینم.

گوتی: «نا، نەکەی.»

دەستم لەو شوێنە ڕاگرت.

–«لەبەرچی؟»

– «نا»

– «بەڵێ، تکایە.»

لە تاریکییەوە زیاتر لێی چوومە پێشەوە تا ماچی بکەم، هەر ئەوەندەم زانی ئاگری لەچاو بڵند کردم، زللەیەکی وەشاندە لووت و چاوم، فرمێسک زایە چاوەکانم.»

گوتی: «پەشیمانم.» هەستم کرد قازانجی تایبەتی هەیە.

(١) V.A.D کورتکراوەی (Volountry Aid Detchment).
واتە: دەستەی فریاکەوتنی خۆبەختکەر.

– «تۆ لەسەر حەق بووی.»

– «زۆر پەشیمانم ئێستا ناتوانم بەم شێوەیە پیشەی سستەری بەمەسەر، نەم دەویست ئازارت بدەم. ئازارم دای، ئازارم نەدای؟» لەتاریکیدا سەیری دەکردم، منیش تووڕە ببووم، بەڵام دڵنیا بووم. خۆمیش ئەوەم لەبەرچاوی خۆم دانابوو، وەکو جوولەی یاری شەترەنج.

– «دەستەکانت خۆش، هیچ پێی دڵگیر نیم.»

– «ئای بەسەزمان»

– «من ژیانێکی پڕ بەزم و ڕەزم بەسەردەبەم، هەرگیز بەئینگلیزی قسەم نەکردووە. لەگەڵ ئەوەش تۆ زۆر جوانی.»

تەماشایم کرد.

گوتی: «پێویست بەو هەموو قسە هەلەق و بەلەقە ناکا، ئێمە دوورکەوتینەوە.»

– «بەڵێ، لەشەڕ دوورکەوتینەوە.»

ئەو پێکەنی، بۆ یەکەمجار بوو، گوێم لە پێخەنینی بوو. تەماشای ڕوویم کرد گوتی: «خوێن شیرینی.»

«نەخێر، وانیم.»

– «بەڵێ، تۆ ئازیزی، زۆر کەیفخۆش دەبم گەر هیچت لەبەردڵ نەبێ ماچێکت بکەم.»

تەماشای چاوەکانیم کرد، هەروەکو پێشا باسکم لە قۆڵی وەرینا، ماچم کرد، زۆر بەتوندی ماچم کرد و بەتوندی لە ئامێزێم گرت هەوڵم دا لێوەکانی بکەمەوە. زۆر بەتوندی نابووینە سەریەک تا ئەوکاتەش هەر تووڕە بووم. کاتێ کوتوپڕ ئەوم لە ئامێزم گرت لەرزی. زۆر لەخۆمم نزیک کردەوە بەڕادەیێ هەستم لە لێدانی دڵی کرد. سەری خۆی بەدەستم دا دا و، سەری بردە دواوە، لەسەر شانم دایە گریان.

گوتی: «ئاه، گیانەکەم، تۆ دەبیتە دڵسۆزی من؟»

لە دڵی خۆمدا گوتم، کام دۆزەخ، بەئەنگوستەکانم وازیم بەپرچەکەی کرد و شەپم لەسەر شانی دا. ئەو دەگریا.

– «تۆ وا دەبی، وا نابی؟»

تەماشایەکی منی کرد و لە قسەکەی بەردەوام بوو، گوتی:

– «چونکە ئێمە پێکەوە ژیانێکی سەیر و خۆشمان دەبێ.»

ماوەیێ ماینەوە. تا دەرگای ڤێلاکە لەگەڵیا ڕۆیشتم، ئەو چووە ژوورەوە. منیش گەڕامەوە ماڵەوە بۆ نهۆمی سەرەوە بۆ ژوورەکەم سەرکەوتم. ڕینالدی لەسەر تەختەکەی خۆی ڕاکشابوو، سەیرێکی کردم و گوتی:

– «کەوابێ باشی لەگەڵیا ڕۆیشتووی.»

«ئێمە هاوڕێی یەکترین.»

«دەڵێی سەگی بەبایت.»

لەم قسەیە تێنەگەیشتم. گوتم: «وەکو چیی؟!»

بۆی ڕاڤەکردم، گوتی: «وەکو ئەو سەگە بەبایت کە...»

گوتم: «بەسیکە... پاش ماوەیەکی کەم لەسەر ئەم قسانە جوێن پێک دەدەین» پێکەنی.

گوتم: «شەو شاد.»

گوتی: «شەو شادتر گوجیلە.»

بەمۆم و سەرینەکەوە بەسەر چراکەی داکەوتم، بەتاریکی چوومە سەر تەختەکەم. ڕینالدی چراکەی هەڵگرت و دایگیرساندەوە لە خوێندنەوە بەردەوام بوو.

6

دوو ڕۆژ لە بنکەکان گیر بووم. کاتێ گەیشتمەوە ماڵەوە ڕۆژ درەنگ بوو. تا ئێوارەی ڕۆژی دوایی مسز (بارکلی)م نەبینی. لە باخچەکە دانەنیشتبوو، بۆیە ناچاربووم لە نووسینگەی نەخۆشخانە چاوەڕوانی بم. تا دابەزییە خوارەوە. کۆمەڵە نیو پەیکەرێکی مەڕمەڕی لەسەر داری بۆیەکراو قایم کرابوون کە بەدرێژایی دیوارەکانی ژووری نووسینگە ڕیزکرابوون. هەروەها ئەو هۆڵەی کە نووسینگەکەی بەڕوویدا دەکرایەوە، ئەم پەیکەرانەی تیابوو. سیفەتی مەڕمەڕی تەواویان تیابوو، کە وای کردبوو بەیەکتری بچن تائێستاش پەیکەرتاشی، بەکارێکی بێ تام دەزانم. بەڵام کارە برۆنزییەکان بەشتێک تێدەگەم. یەک گۆڕستانی دڵڕفێن لە جیهاندا هەیە ئەویش لە (پیزا) بوو، (گێون)یش شوێنی دیتنی پەیکەری بەدە. ئەم ساختمانە هی ئەڵمانیەکی دەوڵەمەند بووە.

پەیکەرە نیوە پەژنتییەکانیش پارەیەکی زۆریان تێ چووە.

من لەوە سەرسام بووم کە ئاخۆ کێ دایتاشیبوون و دەستکەوتی چەند بووە. بیرم لەوە کردەوە ئایا دەبێ ئەمانە گشتیان ئەندامی خێزانێک بن یاخود ئەبێ چ بن. بەڵام گشتیان جلوبەرگی کلاسیکیان لەبەرا بوو. تۆ ناتوانی هیچ شتێ لەمەڕ ئەوانە باس بکەی.

لەسەر کورسییێ دانیشتم، شەپقەکەم بەدەستەوە گرت. ئێمە گەر لە (گوریزیا)ش بواینە دەبوایە کڵاوزرێمان لەسەربایە. بەڵام لەسەرنانیان زۆر بێزارکەر بوو، وەک نواندنێکی شانۆیی چەپەڵ دەهاتە بەرچاو، چونکە ئەو شارە هێشتا لە دانیشتوان چۆڵ نەکرابوو. کاتێ کە چوومە بنکەکان کڵاوزرێیەکم لەسەر ناو دەمامکەکی گازی

ئینگلیزیشم هەڵگرت، کە بەم دواییانە هێندێکمان دەستکەوتبوو، بەڕاستی دەمامکی چالاک بوون. داوامـان لێ کـرا کـە چەکی تەمـاتیک هەڵگرین؛ دکـتۆر و هاوپیشەکانمانیش هەمان داوایان لێ کرا. دەبانچەکەم بەکورسییەکەوە دەکەوت. منیش هەستم پێی دەکرد و، هەریەک لە ئێمە گەر بەئاشکرا چەکی هەڵنەگرتبایە دووچاری سزای بەندکران دەبوو. ڕینالدی کیفێکی قاڵتاغی پڕ کلینکسی هەڵگرتبوو.

من چەکێکی بەڕاستیم هەڵگرتبوو. خۆمم وەکو پیاوێکی چەکدار هاتە بەرچاو، تا مەشقم لەسەر تەقاندنی کرد، چەکەکە لە چەشنی ئۆسترا بوو گوللە خۆرەکەی (٧,٦٥) بوو، لوولەکەی زۆر کورت بوو، لەکاتی تەقاندندا زۆر بەگورجی دەگەڕایەوە. کـاتێ دەتتەقاند دەنگی پێکەوتنی بەهیچ شتێ نەهات. مەشقێکم پێی کرد، سێرەم لەژێری نیشـانەکە گرت. هەوڵم دا دەسەڵاتم بەسەر جوولەی لوولە سەیرەکەی دابشکێنم. تا توانیم لە دووری یەک یاردەوە لەو نیشانەیەوە بدەم کە لە دووری بیست یاردەوە سێرەم لێ گرتبوو. ئەوکات پڕوپووچی هەڵگرتنی چەکم بەخەیاڵدا هات.

هەر زووش لەبیرم نەما، دەبانچەکەم لەلاتریزەم بەستبوو بێ ئەوەی هەست بەهیچ شتێ بکەم تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە گەیشتمە هەندێ ئینگلیززوبان کەمێ شەرمم لەخۆم کردەوە. لەسەر کورسیێ دانیشتبووم نەخۆشەوان بەمۆنی لە دوای مێزێکەوە سەیری کردم. لەو کـاتەی من سـەیری زەوی ژووری پەیکەرەکـان و ئەسـتوونی نیوە پەیکەرەکـان و تابلۆ (فـریسکۆ)کانی سەر دیوارەکەم دەکرد و چاوەڕێی بارکلی بووم. تابلۆ فریسکۆکان لەو خراپانە نەبوون، هەر فریسکۆیێ لەوکاتەی دەست بەتوێژ فڕێدان و داخوران بکا باش دەبێ. چاوم بەکاترین کەوت بۆ داڵانەکە دادەبەزی، هەستامەوە سەرپێ، کە بەرەو لام دەهات و، کەڵەگەت دیار نەبوو، بەڵام زۆر بەردڵ بوو.

– «ئێوارەباش، هێنری.»

گوتم: «چۆنی»

نەخۆشەوانەکە لەدواوەیی مێزەکەوە گوێی ڕادێرا بوو.

– «لێرە یا لەدەرەوە لەنێو باخچەکە دانیشین؟»

– «با بچینە دەرەوە ئەوێ فێنکترە.»

بەدوو قـۆڵی بۆ ناو باخـچەکە ڕۆیشتین. نەخـۆشەوانەکەش لە داڵانەکـەوە چاوی تێ دەبڕین، تا گەیشتینە سەر ڕێچکۆلە چەوڕێژکراوەکەوە.

گوتی: «تۆ لەکوێ بووی؟»

– «لەبنکەکان بووم»

– «نەدەکرا هەواڵێکم بۆ بنێری؟»

– «نەخێر، وا ئاسان نەبوو. بەمەزندەم وابوو کە دەگەڕێمەوە.»

– «دەبوایە ئاگادارت کردبام، گیانەکەم.»

لە ڕێچکۆلەکە دوورکەوتینەوە لەژێر ڕیزە درەختێ پیاسەمـان دەکرد، دەستم گرت، ڕاوەستاین پاشان ڕامووسی.

– «هیچ شوێنێ نییە بچین؟»

– «نەخێر، پێویستە لێرە پیاسە بکەین، لەمێژە لێم دووری.»

گوتم: «ئیمڕۆ سێیەم ڕۆژە، بەڵام ئەوە نییە گەڕاومەتەوە»

تەماشایەکی کردم و گوتی:

– «منت خۆش دەوێ؟»

گوتم: «بەڵێ.»

گوتی: «تۆ گوتت منت خۆش دەوێ، وا نییە؟»

بەدرۆوە گوتم: «بەڵێ، تۆم خۆش دەوێ.»

پێشتر وام نەگوتبوو.

گوتی: «پێشم دەڵێی کاترین؟»

گوتم: «کاترین»

لە پیاسەکردن بەردەوام بووین، لەژێر دارەکاندا وەستاین.

گوتی: «بڵێ، بەشەو گەڕاومەتەوە لای کاترین.»

گوتم: «بەشەو گەڕاومەتەوە لای کاترین.»

– «ئۆه، ئازیزم، خۆ تۆ گەڕایەوە، وانییە؟»

– «بەڵێ»

– «تۆم زۆر خۆش دەوێ. لەو ماوەیەدا دڵم هەر لای تۆ بوو.»

– «خۆ دوور ناکەویتەوە.»

– «نەخێر، هەر دەگەڕێمەوە لات.»

– «تۆم خۆش دەوێ، تکایە ئەمجارەش دەستت لەهەمان جێگەوە دانێوە.»

– «دەستم دوور نەکەوتۆتەوە.»

وەرم سووڕاند، ڕووم بینی، کاتێ ماچم کرد، بینیم هەردوو چاوی داخستبوو. منیش هەردوو چاوەکانیم ماچ کرد.

وا هاتە مێشکم کەمێ سەرشێت بێ... گەر واش بێ خراپ نەبوو. بەلاشمەوە ئەمە گرینگ نەبوو، ئەمە زۆر چاکترە لەوەی کە هەموو ئێوارەیێ بچیە ژووری ئەفسەرەکان کە تیاترۆکان بەسەرقاچت هەڵدەگەڕێن، شەپقەکانیشت بەرەواژی دەکەنەوە کە بەڵگەی ئاشنایەتی خۆیان نیشانی هاوڕێی چەکدارەکان دەدەن، لەنێوان گەشتەکانیان بۆ نهۆمی سەرەوە. سوورِ دەمـزانی کـە کـاترینم خـۆش نەدەویست و، بەهیچ جۆرێ دڵم بەناوی

خۆشەویستییەوە بۆی نەچووە.

تەنیا ئەمەش یارییەکە وەکو یاری (بریج)، کە هەندێ شتت دەگوت لەجیاتی بەکاغەز گەمە بکەی. وەکو یاری (بریج) دەبێ وا خۆت نیشان بدەی. کە لەپێناوی پارە یان شتێکی گرەو لەسەرکراو یاری دەکەی، بێ ئەوەی کەس باسی شتە گرەو لەسەرکراوەکە بکا، یان بزانێ چییە وەیان چۆنە. کەوابوو ئەمەشیان لەوان بۆ من چاکترە.

گوتم: «خۆزیا شوێنێ هەبوایە، ڕوومان تێکردبایە، من تووشی گیروگرفتی مانەوە لەسەر خۆشەویستی لە نێوان نێرینە و مێیینە تا ماوەیەکی دوورودرێژ هاتووم.»

گوتی: «هیچ شوێنێ نییە.» لەخەیاڵێکی ڕۆیشتوو وشیار بووەوە،

– «دەتوانین بۆ ماوەیەکی کەم لێرە دانیشین.»

لەسەر ئەسکەملەیەکی بەردینی تەخت دانیشتین.

دەستیم گرت. ڕێگەی نەدام دەستمی تێ وەرێنم.

گوتی: «زۆر ماندووی؟»

– «نەخێر»

چاوی بڕییە گیا و گوتی:

– «ئەمە یارییەکی چەپەڵە تۆ دەیکەی، وا نییە؟»

– «کام یاری؟»

– «خۆت گێل مەکە.»

– «نەخێر، هەرگیز مەبەستم ئەمە نییە.»

– «تۆ کوڕی باشی، ئەمە دەکەیت و دەشزانی چۆنی دەکەی بەڵام تکایە ئەمە یارییەکی چەپەڵە.»

– «تۆ هەردەم دەتوانی دڵی خەڵک بخوێنیتەوە؟»

– «نەک هەردەم بەڵکو لەگەڵ تۆ. تۆ خۆت بەم شێوەیە نیشان نەدا منت خۆش بووێ ئەوا یاری ئەم ئێوارەیەش بەسەرچوو، چیت ماوە باسی بکەی؟»

– «بەڵام تۆم خۆش دەوێ.»

– «تکایە، کاتێ ناچار نین درۆ بکەین با درۆ نەکەین، کاتێکی خۆشم لەگەڵ خۆنواندنی تۆ بەسەربرد. خۆ بینیت من شێت نیم، هەرگیز شێت نەبوومە. تەنیا هەندێ جار نەبێ ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم.»

دەستم ڕاگوشی. گوتم: «گیانەکەم، کاترین.»

– «ئەم دەنگە زۆر پێکەنیناوییە کاترین! زۆر بەچاکی دەرت نەبڕی بەڵام تۆ کوڕی باشی.»

– «ئەمە قسەی قەشەیە.»

– «بەڵێ، تۆ زۆر باشی و دێیە سەردانم؟»

«هەڵبەت»

– «نابێ پێم بڵێی تۆم خۆش دەوێ. ئەمەش وەختی بەسەرچووە.» هەستایەوە و دەستی خۆی لەدەستم دەرهێنا و گوتی: «شەو شاد.»

ویستم ماچی بکەم، گوتی: «نەکەی زۆر ماندووم.»

گوتم: «کەوابێ تۆ ماچم بکە.»

گوتی: «زۆر ماندووم، ئازیزم.»

گوتم: «ماچم بکە»

– «زۆرت حەز لێیە ماچم بکەی؟»

– «بەڵێ»

یەکترمان ڕامووسی و لە پڕ ماچەکەمان بڕی، گوتی:

– «تکایە، بەسیەتی، شەو شاد.»

بەرەو دەرگاکە چووین، چووە ژوورەوە، بەرەو دالانەکە هەڵکشا، حەزم دەکرد تەماشای ڕۆیشتنی بکەم. بۆ دالانەکە هەڵکشا. منیش بۆماڵەوە گەڕامەوە. شەوێکی گەرم بوو. هاتوچۆیەکی گەرمیش لەسەر چیاکان هەبوو. تەماشای برووسکەی سەر چیای (سانت گبریل)م کرد. لەبەردەم کۆشکی (ڕۆزا) هەڵوێستام کرد تای پەنجەرەکان کرابوونەوە.

بەڵام خەڵکی هەر تیا بوو، یەکێ گۆرانی دەگوت.

ڕۆیشتمەوە و ڕینالدی لەدوایی من هاتەوە لەو کاتەدا ڕووت و قووت بووم.

– «ئاه، حاڵت شڕە. کوڕەکە شڵەژاوە؟»

– «لەکوێ بووی؟»

– «لە ڤیلا ڕۆزا، بەزمێکی خۆش بوو، نەفام هەموومان گۆرانیمان دەگوت. ئەی تۆ لەکوێ بووی؟.»

– «چووبوومە دیدەنی کیژۆڵە بەریتانییەکە.»

– «سوپاس بۆ خوا تووشی ئینگلیزان نەبووم.»

7

لە ئێوارەی ڕۆژی دوایی لەبنکەی یەکەمی چیادا گەڕامەوە و ئوتومبیلەکەم لەبنکەی (سیستینتۆ) ڕاگرت، کە بریندارەکان و نەخۆشەکان لەو بنکەیە لێک جیادەکرانەوە و

نەخۆشخانەی جیاجیا لەسەر ڕاپۆرتەکانیان دیاری دەکرا. خۆم ئوتومبیلەکەم لێدەخوڕی. لەناو ئوتومبیلەکە مامەوە. شوفێرەکەش ڕاپۆرتەکانی بردە ژوورەوە. ژوورێکی گەرم بوو، ئاسمان شین و ساماڵ بوو. ڕێگاش سپی و تۆزاوی بوو. لەسەر کوشینە بەرزەکەی فیاتەکە دانیشتبووم، بیرم لە هیچ شتێ نەدەکردەوە، کەرتێک سەرباز لە ڕێگاوە بەنزیکمان تێپەڕین. تەماشام کردن. سەربازەکان گەرمایان بوو ئارەقەیان کردبوو. هەندێکیان کڵاوزرێیان لەسەر بوو، زۆریان بەهەگبەکانیان وەکردبوو. زۆربەی کڵاوەکان زۆر گەورەبوون. تا بناگوێی ئەوانەی لەسەریان نابوو هاتبووە خوار، ئەفسەرەکان هەموویان کڵاوزرێیان لەسەر نابوو. کڵاوزرێی ئەفسەرەکان چاکتر و ڕێکتر بوون. ئەم سەربازانە نیوەی تیپی (بریگاتا بازیلیکسانا) بوون. سەربازەکانی ئەم کەرتەم بەتاڵی سوور و سپییەکەی یەخەیانەوە ناسییەوە. پاش ماوەیێ هەندێ سەربازی دواکەوتوو دوابەدوای ڕەتبوونی کەرتەکەی پێشوو، بەسەر ڕێگاکە ڕەت بوون. ئەم سەربازانە نەیانتوانیبوو بگەنەوە گرووپەکانیان. ئارەقەیان پیا دەچۆڕایەوە. تۆزاوی و ماندووبوون، هەندێکیان حاڵشڕ دیار بوون سەربازێ بەماوەیێ پاش سەربازەکانی دوایی هات. بەشەلە شەل دەڕۆیی. وەستا و لەتەک ڕێگاکەوە دانیشت. دابەزیم. چوومە سەری، گوتم:

«چیتە؟»

سەیرێکی منی کرد و هەستایەوە سەر پێ گوتی:

– «بەردەوام دەبم.»

– «چیت لێ قەوماوە؟»

– «ئەم شەڕە...»

– «ئەی لاقت چییەتی؟»

– «لاقم نییە. گونکم.»

– «ئەی بۆچی سواری ئوتومبیل نەبووی؟ لەبەرچی ناچییە نەخۆشخانە؟»

– «ڕێگەم نادەن. ئەفسەرەکەمان پێی گوتم بەئەنقەست قایشی گونکیت فڕێ داوە.»

– «ڕێگەم بدە سەیرێکی بکەم.»

– «یەکجار هەڵزۆپاوە.»

– «لەکام لایە.»

– «لێرەیە.»

هەستم پێی کرد. گوتم: «بکۆکە»

– «دەترسم لەوە گەورەتربێ. ئێستا دووهەندی سەرلەبەیانییە.»

– «دانیشە، هەر ئێستا ڕاپۆرتی ئەم نەخۆشخانە وەردەگرم، لەگەڵ خۆم هەڵت دەگرم،

دەتدەمە دەست ئەفسەرە پزیشکییەکەی خۆتان.»

– «ئێستا پێم دەڵێ کە بەئەنقەست وام کردووە.»

– «ناتوانن هیچ بکەن. خۆ ئەوە برین نییە. خۆ تۆ لەمەوپێش وات بەسەرهاتووە. وا نییە؟»

– «بەڵام من خۆم قایشەکەم فڕێ داوە.»

– «ئەوان ڕەوانی نەخۆشخانەت دەکەن.»

– «دەتوانم لێرە بمێنم تێنیتە؟»

– «نەخێر، چونکە هیچ ڕاپۆرتێکی تۆم لانییە.»

شوفێرەکە لە دەرگاکە هاتە دەرەوە و ڕاپۆرتی نەخۆشەکانی ناو ئوتومبیلەکەی هێنابوو. گوتی:

– «چواریان بۆ نەخۆشخانەی نمرە (١٠٥)ن و دوانیان بۆ (١٣٢)ن.» ئەم دوو نەخۆشخانەیە کەوتوونەتە دواوەیی ڕووبارەکە.

بەشوفێرەکەم گوت:

– «ئوتومبیلەکە لێخوڕە.»

منیش یارمەتی سەربازە گونکەکەم دا تا سواری ئوتومبیلەکە بێ. لە کنەخۆمم دانا.

پێی گوتم: «ئینگلیزی دەزانی؟»

– «هەڵبەت.»

– «چۆن لەم شەڕە نەفرەت لێکراوە ڕادەبینی.»

– «خراپ.»

– «منیش دەڵێم خراپە سوێند بەعیسا ئەم شەڕە شتێکی چەپەڵە.»

– «لە ئەمریکا بووی؟»

– «بەڵێ خەڵکی (بتریزبورگ)م. زانیم ئەمریکی.»

– «ئیتاڵییەکەم باش نییە. وایە؟»

– «زانیم تۆ ئەمریکی.»

شوفێرەکە لەسەربازەکە ڕاما و. بە ئیتاڵی گوتی:

– «ئەمریکییەکی تر!»

– «گەورەم، بەیارمەتیت، هەر دەبێ بمدەیتەوە کەرتەکەی خۆم؟»

– «بەڵێ.»

– «لەبەرئەوەی دکتۆرەکەمان دەزانی گونکم وە بەئەنقەست قایشە نەفرەت لێکراوەکەم فڕێداوە تا خراپتربێ، نامەوێ بگەڕێمەوە هێڵەکانی پێشەوەی بەرەی

جەنگ.»

– «تێگەیشتم.»

– «ناتوانی بۆ هیچ شوێنێکی ترم ببەی؟»

– «ئەگەر لە بنکەکانی پێشەوە نزیک بواینە ئەو کات دەمتوانی بۆ یەکەم بنکەی پزیشکیت ببەم. بەڵام ئێستا دەبێ ڕاپۆرتت هەبێ.»

– «گەر بگەڕێمەوە نەشتەرگەریم بۆ دەکەن ئەو کاتەش ڕەوانەی هێڵەکانی پێشەوەم دەکەنەوە.»

بیرم کردەوە...

گوتی: «ئەرێ تۆ خۆت حەز دەکەی هەر لە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ بی؟ ها تۆ حەز دەکەی؟»

– «نەخێر»

– «ئەی عیسا. توخوا ئەمە شەڕێکی چەپەڵ نییە؟»

– «گوێم لێ بگرە. لە ئوتومبیلەکە دابەزە. لەتەک ڕێگاکە خۆت بەردەوە، با سەرت ئەستوور بێ. کە لەوسەر گەڕاینەوە لەگەڵ خۆما هەڵتدەگرم بۆ نەخۆشخانەت دەبەم. لەتەک ڕێگاکەوە، لێرە، دەوەستین، ئەلدۆ.»

ئوتومبیلەکەم لەتەک ڕێگاکە ڕاگرت و یارمەتی دابەزینم دا.

– «لێرە دەبم گەورەم.»

گوتم: «خوا حافیز»

دەستمان بەڕۆیشتن کردەوە. پاش میلێ بەلای کەرتەکە تێپەڕین. دوایی لە ڕووبارەکەوە پەڕینەوە. کە بەفراو دایپۆشیبوو. ئاو بەتیژی بەنێو کۆڵەگەکانی پردەکەدا دەڕۆیی. ئەو ڕێگەیەمان گرتەبەر کە بەناو دەشتدا تێپەڕ دەبوو، تا بریندارەکانمان بگەیەنینە هەردوو نەخۆشخانەکە لەگەڕانەوەدا خۆم بەبەتاڵی و بەتیژی ئوتومبیلەکەم لێخوڕی بەڕێگەی خۆماندا بەدوای کابرای (بترۆزبورگ)ی گەڕاینەوە. لە پێشا لە کەرتەکەوە ڕەتبووینەوە لە جاران گەرمتر و لەسەرخۆتر بوون دوایی بەلای سەربازە بەجێماوەکان تێپەڕین تا گەیشتینە عارەبانەیەکی ئەسپی فریاکەوتن. عارەبانەکە لەلای ڕێگاکە ڕاوەستابوو. دوو پیاو خەریکی هەڵگرتنی کابرای گونک بوون تا لەناو عارەبانەکەی دابنێن. بەدوایی سەربازەکە گەڕابوونەوە. سەری بۆ لەقاندم کڵاوزرێییەکەی لەسەری کەوتبوو. نێوچەوانی، ژێرەوەی پرچی، خوێنی پیا دەچۆڕایەوە.

لووتیشی داماڵابوو. جلوبەرگی تۆزاوی و پرچیشی تۆزگرتی ببوو... «گەورەم، سەیرێکی ئاوسانەکەم بکە. چیم پێ ناکرێ، بەدوای منا گەڕاونەتەوە.»

کاتێ گەڕامەوە باڵەخانەکە سەعات پێنجی ئێوارە بوو. چوومە دەرەوە بۆ ئەو شوێنەی ئوتومبیلەکانمان لێ شوشت، تا ئاوێ بکەم بەخۆما، پاشان لە ژوورەکەم ڕاپۆرتەکەمم

ئامادە کرد. بەپانتۆڵ و فانیلەوە لەبەردەم پەنجەرەوە دانیشتبووم. دوو ڕۆژی مابوو هێرش بکرێ. منیش دەبوایە لەگەڵ ئوتومبیلەکانی فریاگوزاری بچوومایە (پلاڤا). ماوەیەکی زۆریش بەسەر ئەو نامەیەی بۆ ئەمریکام ناردبووم تێپەڕیبوو. دەبوایە نامەیەکی تریان بۆ بنووسم. هیچ شتێ نەبوو لەسەری بنووسم بۆیە دوو کارتی پۆستەیی سەربازیم لە چەشنی (ناوچەی شەڕ Zonediguerra)م بۆ ڕەوانە کردن. هەموو شتێکم فەرامۆش کرد تەنیا باشی و سەلامەتی خۆم نەبێ. ئەوەش سێبوورییان دێنێ. ئەم کارتانەیان، لە ئەمریکا، بەدڵ دەبێ، سەیروسەمەرەن، ئەمەش ناوچەیەکی سەیروسەمەرە بوو، بەڵام من وای بۆچووم کە هەڵسووڕانی کاروبارەکە زۆرباش و بێزەوەر بێ، گەر لەگەڵ شەڕەکانی تری نەمساوییەکان بەراورد بکرێ. سوپای نەمساوی بۆ ئەوە خوڵقابوو سەرکەوتن بداتە دەست ناپلیۆن. هەر ناپلیۆنێک بێ، ئاواتەخواز بووم ناپلیۆنێکمان هەبووایە. بەڵام ئێمە لەجیاتی ناپلیۆن جەنەڕاڵ (کادۆرنا)یەکمان هەبوو. قەڵەوێکی زەوقی بوو (ڤیکتۆریۆ عەمانوئیلمان) هەبوو کە خاوەنی ملێکی درێژ و ڕدێنێکی بزنانی بوو. سەرەڕای ئەمەش لەدەستە ڕاستەوەی دۆق (ئۆستا)یان دانابوو. زۆر لایەق بوو ببێتە جەنەڕاڵێکی گەورە، بەڵام پیاوانە بوو. زۆربەی خەڵک حەزیان دەکرد ئەو ببێتە پاشا.

بەپادشا دەچوو. پادشا مامی بوو. سەرکردەی سوپای سێیەم بوو. ئێمە لە سوپای دووەم بووین. هەندێ تۆپی ئینگلیزی لەسوپای سێدا هەبوون. خۆم دوو تۆپچی ئەو تۆپانەم پێکەوە لە (میلانۆ) بینی. مرۆڤی ڕووخۆش بوون. شەوگارێکی خۆشمان پێکەوە بردە سەر. زەلامی گەورە و شەرمن و پەشۆکاو و قەدرزان بوون. خۆزیا سەد خۆزیا لەگەڵ سوپای بەریتانی بام. لەوێ بام کارمی سووکتر دەکرد. خۆ گەر لەوێش بامە لەوانەیە بکوژرابامەوە. نەک لە پیشەی ئەم فریاگوزارییە. بەڵێ، هەتا لە پیشەی فریاگوزاریش. خۆ جارناجار لێخوڕی ئوتومبیلەکانی فریاگوزاری بەریتانیاش دەکوژران. باشە، دەمزانی نەدەبوو لەم شەڕە کوژرابام. نەک لەم شەڕە هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نییە. مەترسی لەم شەڕە بەقەد ئەمەوە بوو کە فلیمێکی شەڕ لە سینەما ببینم. لەخوا پاڕامەوە، ئاوێ بەم ئاگرە دابکا. ئومێدمان بەرزە لەم هاوینەدا کۆتایی بێ. لەوانەیە نەمساوییەکان شکست بێنن. لەشەڕەکانی تریش شکاون. ئەم شەڕە لەسەر چییە؟ هەموو کەس دەڵێ فەرەنسا نەما و تەواو بوو. ڕینالری گوتی فەرەنسییەکان یاخی بوون، لەشکر هێرشیان بردە سەر پاریس. منیش لێم پرسی چ ڕووی دا؟

گوتی: «ئاه، ئەوان، هێرشەکەیان وەستاند.»

دەمویست بەبێ شەڕ بچمە نەمسا. دەمویست بچمە (دارستانی ڕەش). دەمویست بچمە چیاکانی (هارتس). ئاخۆ چیاکانی (هارتس) کەوتبنە کوێوە؟ لەچیاکانی (کارپانشیان) بەیەکتردادان ببوو. نەمدەویست بچمە وێندەر. خۆ لەوانەش بوو گەشتی وێندەر خۆش بێ. لەوانەیە بچووبامە (ئیسپانیا) گەر شەڕی تیا نەبا.

ڕۆژ بەرەو ئاوابوون بوو، هەواش بەرەو فێنکی بوو. پاش شێوان دەبێ بچمە دیدەنی بارکلی. بەو هیوایە بووم لەوێ بێ. حەزم کرد لە (میلانۆ) لەگەڵی بامە. مگێزی خواردنی گۆڤام دەکرد پاشان لە ئێوارەیەکی گەرمدا بەرەو شەقامی (ڤیامانزۆل) بکشێین لە شەقامەکەدا بپەڕینەوە، لە کەناڵەکەدا پێچ کەینەوە و لەگەڵ کاترین ڕوو لە ئوتێل کەین لەوانەیە قایل بێ، لەوانەشە وا دانێ کە من ئەو دەزگیرانەمە کە لەشەڕدا کوژرا. لە دەرگای پێشەوەی ئوتێلەکە دەچینە ژوورەوە و خزمەتکاری ئوتێلەکە شەپقەکەی لەسەر دەکاتەوە و بەرەو پیرمان دێ. منیش لەبەردەم مێزی نووسینگەی ئوتێلەکە ڕادەوەستم داوای کلیل دەکەم. ئەویش لە نزیک بەرزکەرەوە دەوەستێ لە پاشان هەردووکمان دەچینە ناو بەرزکەرەوەکە. ئەویش زۆر بەهێواشی بەرز دەبێتەوە و لە نهۆمەکان کرتەی لێ دێ و پاشان لە نهۆمەکەی خۆمان... وەمێر منداڵە خزمەتکارەکەش دەرگای بەرزکەرەوەکە دەکاتەوە. لەوێ دەوەستێ. کاترین دێتە دەرەوە منیش دێمە دەرەوە و لە داڵانەکە بەرەو ژوورەکە دەکشێین، کلیلەکە دەخەمە سەر دەرگاکە، دەرگاکە دەکەمەوە دەچینە ژوورەوە. تەلەفۆن هەڵدەگرم داوا دەکەم بوتلی کاپری بیانگامان لەناو دەفرێ سیلڤەری پڕ بەفرمان بۆ بنێرن، گوێت لە تەقە تەقەی دەفرەکە دەبێ، کە بەلێواری دەفرەکە دەکەوێ. کاتێ بەڕاڕەوەکەدا دەڕوا، منداڵەکە لە دەرگا دەدا داوای لێ دەکەم لە دەرەوە لەبەر دەرگاکەوە دای بنێ. چونکە ئێمە لە ژوورەوە ڕووت و قووتین. هەروەها گەرمایە، پەنجەرەکانیش کراونەتەوە. پەڕەسێلکەکان لەسەربانەکە هەڵدەفڕن، پاشانیش کە تاریک داهات، دەچینە لای پەنجەرەوە، شەمشەمەکوێرە بچووکەکان لەسەر بانەکەوە لە نزیک لووتکەی دارەکانەوە خەریکی ڕاوکردنن بۆ خۆیان، ئێمەش کاپری دەنۆشین. دەرگاکە داخراوە هەواش گەرمە. تەنیا چەرچەفێ بەسەر چوارپایەکەوەیە، شەو هەمووی، هەریەک لە ئێمە ئەوی تری خۆش دەوێ، ئەو شەوە هەمووی، لەو شەوە گەرمە لە (میلانۆ) ئاخۆ دەبێ تەواو ببێ. بەپەلە دەبێ نان بخۆم و بچم کاترین ببینم. لەگەڵ هاوڕێکانم لەسەر خوان زۆرمان قسە کرد. منیش ئارەقم خواردەوە چونکە گەر لەو شەوەدا تۆزێ کەمم خواردبایەوە، هەموومان نەدەبووینە برا. لەگەڵ قەشە لەمەڕ سەرۆکی قەشانی ئێرلەندە قسەم کرد. وا پێدەچوو پیاوێکی خانەدان بووبێ، لەگەڵ ئەو نادادییەیی، ئەو نادادیانەی کە کێشاویەتی، لە سۆنگەی ئەوەی ئەمریکیم و بەشداریم لەو ئازاردانەدا کردووە کەچی وام نیشانی دا باشی لێ دەزانم. بەڵام شتێکی جوان نەبوو کە هیچی لێ نەزانم. پاش ئەوەی گوێم لە هەندێ شیکردنەوەی مەزن و هۆیەکانی بوو، لەپاش هەموو شتێ، وا پێدەچوو لە ئەنجامی لێک حاڵی نەبوون بووە. ناوێکی خۆشی هەبوو خەڵکی (مینیزوتا) بوو ئەمەش وای کردبوو ناوەکەی بەردڵ بکا؛ ئێرلەندە مینیزوتا، ئێرلەندە ویسکوستن، ئێرلەندمەشیگان. ئەوەی ئەم ناوەی خۆش کردبوو، ئەوە بوو کە وەکو (ئایلاند) دەزرینگایەوە. نەخێر، ئەمە نەبوو، شتی تریش، لەمە زیاتر هەبوو. بەڵێ، باوکە ئەمە ڕاستە، باوکە. لەوانەیە، باوکە، نەخێر باوکە باشە لەوانەشە وا نەبێ. باوکە تۆ لەو

مەسەلانە لە من زیاتر دەزانی، باوکە. قەشە، باش بوو. بەڵام مرۆڤێکی وەڕسکەر بوو. ئەفسەرەکان باش نەبوون، بەڵام جاڕسکەر بوون، پادشاش باشە. بەڵام مرۆڤێکی وەڕسکەرە. ئارەقیش خۆ خراپە بەڵام جاڕسکەر نییە. ددانی (مینات) دەردەکا لە ئاسمانەی دەمتدا بەجێی دەهێڵێ.

دۆکا گوتی: «قەشە بەندکرا. چونکە دەستبەڵگەی (کومپیالەی) چەشنی (٣٪) یان لا دۆزییەوە. هەڵبەت ئەوە لە فەرەنسا ڕووی دابوو ئەگەر ئەمە لێرە بووایە هەرگیز نەیان دەگرت. ئەو حاشای لە هەموو زانیاریی دەربارەی دەستبەڵگەکانی سەددا پێنج کردووە. ئەمە لە (بێزییە) ڕووی دا، خۆم لەوێ بووم، لە ڕۆژنامەکانەوە دەربارەی ئەو مەسەلەم خوێندۆتەوە چوو بۆ بەندیخانە، داوای کرد چاوی بەقەشە بکەوێ. ئەمەش ئاشکرایە کە ئەو دەستبەڵگەکانی دزیوە.

ڕینالدی گوتی: «بڕوام بە وشەیێ لەم قسانە نایێ.»

ڕوکا گوتی: «چۆنی تێدەگەی وا تێبگە بەڵام من سەربردەکە بۆ قەشەمان دەگێڕمەوە. پڕ زانیارییە. ئەو قەشەیە. نرخی خۆی دەزانێ.»

قەشە بزەیەکی هاتێ گوتی: «بەردەوام بە، گوێم لێ گرتووی»

– «هەڵبەت، هەندێ دەستبەڵگەش حیسابیان بۆ نەکراوە بەڵام دەستبەڵگەکان لە سەددا سێ و هەندێ لە قەرزەکانی ناوخۆی لای قەشە بووە. بەتەواوی لەبیرم نەماوە، کە چی بوون. جا بۆیە چووم بۆ زیندان، ئەمە مەبەستی چیرۆکەکەیە منیش لە دەرەوەی ژوورەکەی بەندیخانە وەستام، وامزانی دەچم دان بەهەموو شتێ دادەنێم. گوتم:

«ئەی باوکە، پیرۆزیمان پێ ببەخشە، لەو گوناهانەی کە کردوومە.»

هەموویان یەک بەدەنگی خۆیان پێکەنین. قەشە پرسی.

– «ئەی ئەو چی گوت؟.»

ڕۆکا خۆی لێ گێل کرد. لە ڕاڤەکردنی نوکتەکە بۆ من بەردەوام بوو:

– «تۆ مەبەستەکەت زانی، وا نییە؟»

پێ دەچوو نوکتەیەکی سەیر بووبێ. گەر بەتەواوی لێی حاڵی بووبوومایە. هەندێکی تر ئارەقیان بۆ تێکردم.

منیش چیرۆکێکم دەربارەی سەربازێکی تایبەتی ئینگلیزم بۆ گێڕانەوە کە لەژێر دۆشی سەرشۆکیان دانابوو پاشان مێجەر چیرۆکێکی لەبارەی یازدە چیکوسلوفاکی و باشچاوشێکی هەنگاری بۆ گێڕانەوە. پاش ئەوەی کەمێ مەم نۆشی سەرگوزشتەی (جوکی)م بۆ گێڕانەوە کە (پێنی)[1] یەکی دۆزیبووەوە. مێجەر گوتی: چیرۆکێکی ئیتاڵی هەیە لە بەسەرهاتی ئەو دۆقە ژنە دەچێ کە شەو نەیتوانیەوە بخەوێ. لێرەوە، قەشە، ئەوێی بەجێهێشت. من چیرۆکی فرۆشیارێکی گەڕۆکم گێڕایەوە کە لەسەعات

(١) پێن: پارەیەکی ئیتاڵییە.

(٥)ی بەیانی گەیشتبووە (مارسیلیا) کە ساردەبایەک هەڵی کردبوو. مێجەر گوتی؛ وام بیستۆتەوە کە زۆر خۆرەوەم. من حاشام لەوە کرد. ئەو گوتی: ئەمە ڕاستە. بەگیانی (باخۆس) دەتوانین بسەلمێنین کە ڕاستە یان نا.

باخۆس نا، من گوتم. باخۆس نا. بەڵێ، باخۆس ئەو گوتی. من دەبێ پێک بەپێک، بەرداخ بە بەرداخ لەگەڵ (باسی، فلیپۆڤانجێنا) بخۆمەوە. (باسی) گوتی: نەخێر. ئەمە تاقی کردنەوە نییە. ئەوەتا ئێستا دوو هێندەی منی خوادۆتەوە. گوتم، ئەمە درۆیەکی زلە. سوێند بە (باخۆس)یان بە (باخۆس) نا، (فیبیلبو فێنزاباسی) یا (باسی فیبیلبو فێنرانزا)، بەدرێژایی شەو دەستی بەدڵۆپەیێ مەی نەکەوتووە.

ناوی چیبە؟ ناوی منی لێ پرسی ئاخۆ ناوم (فیدیریکۆ ئیرنکو)یە یا (ئیرنکو فیدیریکۆ)یە؟ گوتم باچاکترین پیاو گرەو بباتەوە، باخۆس گیرا، مێجەر دوو کوپی گەورەی پڕ مەی سوور کرد، نیوەی ئەوەی بۆم تێکرا خواردمەوە، خەریک بوو بۆم تێ بکاتەوە، ڕەتم کردەوە و دڵۆپێکی تر ناخۆمەوە بیرم کەوتەوە بۆ کوێ دەچم.

گوتم: «باسی بردییەوە، توانای لە من چاکترە، دەبێ بڕۆم. ڕینالدی: «بەڕاست: ئەو دەبێ بڕوا. ژوانی هەیە، هەموو شتێ دەربارەی ئەوەوە دەزانم.»

– «دەبێ بڕۆم.»

باسی گوتی: «شەوێکی تر، شەوێک کە هەست دەکەی بەهێزتری.»

دەستێکی لەشانم دا، هەندێ مۆمی داگیرساو لەسەر مێزەکە هەبوون ئەفسەرەکان هەمووی کەیفخۆش بوون گوتم: «برایان، شەوتان شاد.»

ڕینالدی لەگەڵم هاتە دەرەوە. لە دەرەوە لە نزیک ڕێچکەی دەرگاکە ڕاوەستاین.

گوتی: «وا چاکە بەسەرخۆشی نەچی؟»

– «سەرخۆش نیم ڕین...نا...»

– «کەوابێ وا باشە هەندێ دەنکە قاوە بجووی.»

– «قسەی بێ مانا.»

– «هەندێکت بۆ دێنم، ڕۆڵە، کەمێ لێرە هاموشۆ بکە.»

ڕۆیشت کە گەڕایەوە مستێ دەنکە قاوەی هێنا.

– «ئەمانە بجوو، ڕۆڵە، خوات لەگەڵ بێ.»

گوتم: «باخۆس.»

– «لەگەڵت دادەبەزمە خوارەوە.»

– «حاڵم زۆرباشە.»

ماوەیێ پێکەوە ڕۆیشتین. دەنکە قاوەم جوویی، لەسەر ڕێگەکەی بۆ نەخۆشخانە دەچێ منی بەجێهێشت و گوتی: «شەو شاد.»

گوتم: «شەو شاد بۆ نایێیتە ژوورەوە؟»

سەری خۆی لەقاند و گوتی: «نەء، من حەزم لەزەوقی سادەترە.»

– «سوپاس بۆ دەنکە قاوەکانت.»

– «هیچ نییە، هیچ نییە.»

بەرێگاکە ڕۆیشتم، تخووبی ئەودار سەرووانەی دەوری دابوو دیار و ئاشکرابوون،

ئاوڕێکی دواوەم دایەوە، بینیم، ڕینالدی لە جێگەی خۆی وەستاوە تەماشام کرد، دەستم بۆ هەڵبڕی، لە هۆڵی پێشوازیکردن دانیشتم، چاوەڕێی بارکلی بووم، یەکێ بەدەروازەی هۆڵەکە تێپەڕی. بەڵام بارکلی نەبوو، فێرگسۆن بوو.

پێی گوتم: «هەلاو، بارکلی پێی گوتم بەداخەوە ناتوانێ ئەم شەو بتبینێ.»

– «بەداخەوە، بەو هیوایەم نەخۆش نەبێ.»

– «زۆر تەواو نییە.»

– «دەتوانی پێی بڵێی پەرێشانم بۆی؟»

– «بەڵێ.»

– «لەو باوەڕەی دای بەیانی بێم ببینم؟»

– «بەڵێ، لەو باوەڕەدام.»

– «زۆر سوپاست دەکەم، شەو شاد.»

لە دەرگاکەوە هاتمە دەرەوە دەرەوە کوتوپڕ هەستم بەتەنیایی کرد. زۆر شەیدای بینینی نەبووم. کەمێ سەرگەرم بووم. نزیکەی لەبیرم نەمابوو بێم، بەڵام کە هاتم و لەوێ نەمبینی هەستم بەتەنیایی و بۆشی دەکرد.

8

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی بیستمان ئەمشەو لەسەرووی ڕووبارەکەوە دەست بەهێرش دەکرێ. دەبوایە ئێمە چوار ئۆتومبیلی فریاگوزاری بەهەڵەداوان بگەیەنینە وێندەر. کەسیش هیچی دەربارەی ئەم هێرشە نەزانی، کەچی هەمووشیان زۆر بەگرینگییەوە لە ئیجابیات و زانیاری ستراتیژی ناوچەکە دوان. من سواری ئۆتومبیلی یەکەم ببووم، کاتێ خەریک بوو لە نەخۆشخانەی بەریتانی تێپەڕین داوام لە شوفێرەکە کرد هەڵوێستێ بکا. سێ ئۆتومبیلی تریش بەدوامەوە وەستان. دابەزیم، بەشوفێرەکانم گوت لەڕۆیشتن بەردەوام بن. هەروا پێم گوتن ئەگەر لە دووڕیانی ڕێگاکان نەگەیشتینەوە یەک ئەوا لە (کۆزمۆنس) چاوەڕێمان بن. بەپەلە خۆم لە ژووری کرد و چوومە هۆڵی پێشوازیکردن. داوای بارکلیم کرد.

– «لە ئیش دایە.»

گوتم: «دەکرێ دەقەیێ ببینم؟»

یەکێکیان بەدوایدا نارد بانگی بکا. پاش ماوەیێ بارکلی لەگەڵ ئەو گەڕایەوە. «ڕاوەستام، تا تەندروستیت بپرسم و بزانم چاکتر بوون. گوتیان لە ئیش دای بۆیە داوام کرد بتبینم.»

– «زۆر باشم، وا بزانم تینی گەرمایی دوێنێ کاری تێکردبووم.»

– «دەبێ بڕۆم.»

– «تا بەردەرگا لەگەڵت دێم.»

لە دەرەوە لێم پرسی: «زۆر باشی؟»

گوتی: «بەڵێ، گیانەکەم. ئەمشەو دەگەڕێیتەوە؟»

– «نەخێر، بۆ (نمایش) دەچم لە سەرووی ڕووباری (پلاڤ)دا ساز ئەکرێ.»

– «نمایش؟!»

– «باوەڕ ناکەم لەوە زیاتربێ.»

– «دەگەڕێیتەوە؟»

– «سبەینێ.»

شتێکی لەملی خۆی کردەوە. خستیە ناو دەستم، گوتی: «ئەمە حەزرەتی ئەنتۆنیۆی پیرۆزە، سبەی شەو وەرەوە.»

– «کاسۆلیکی؟»

– «نەخێر، بەڵام گوتیان حەزرەتی ئەنتۆنیۆ زاتێکی پیرۆزە.»

– «لەبەر خاتری تۆ ئاگاداری دەبم. خواحافیز.»

گوتی: «نا، خواحافیز نا.»

– «زۆر باشە.»

– «کوڕە پیاوی چاک بە ئاگاداری خۆت بە. نەء، ناتوانی لێرە ماچم بکەی. ناتوانی.»

– «باشە»

لە دەرەوە ئاوڕم دایەوە بینیم لەسەر پایەکانی بەردەرگاکە وەستاوە. دەستی هەڵدەشەقاند. منیش دەستی خۆمم ماچ کرد و بەرزم کردەوە. دووبارە دەستی هەڵشەقاند. ئەو کات گەیشتبوومە سەر شەقامەکە سواری ئوتومبیلەکە بووم. دەستمان بەڕۆیشتن کرد. حەزرەتی ئەنتۆنیۆ لەناو قوتوولوکەیەکی کانزایی سپی دابوو. قوتوولکۆکەکەم کردەوە. حەزرەتی ئەنتۆنیۆم دەرهێنا لەناو دەستم دانا.

شوفێرەکە گوتی: «حەزرەتی ئەنتۆنیۆیە؟»

– «بەڵێ»

گوتی: «منیش دانەیەکم هەیە.»

دەستی ڕاستی لە سوکانەکە بەردا. قۆچپەیەکی کراسی ژێرەوەی کردەوە خەناوکەیەکی لەژێر کراسەکەوە دەرهێنا گوتی:

– «دەبینی؟.»

حەزرەتی ئەنتۆنیۆم خستەوە ناو قوتوولکەکەوە لەگەڵ زنجیرە زێڕەکەی خستمە گیرفانی سەر سینگمەوە. گوتی:

– «لەملتی ناکەی؟»

گوتم: «باشە.»

زنجیرە زێڕەکەم کردەوە لەملی خۆمم کرد، دامخستەوە. حەزرەتی ئەنتۆنیۆ بەسەر کورتەکە سەربازییەکەمدا شۆڕبووەوە منیش سەرەوەی کراسەکەمم کردەوە، قۆچپەیەکی کراسە یەخەدارەکەم کردەوە و خستمە ژێر کراسەکەمەوە. لەکاتی ڕۆیشتنی ئوتومبیلەکە هەستم کرد قوتوولکۆکە کانزاییەکە بەسەر سینگم دەکەوت. پاشان لەبیرم کرد پاش ئەوەی برینداربووم بووە بەردی بن گۆم و نەمدۆزییەوە. ئەبێ خێرومەندێ لە بنکەکانی دواوە دەستی لێگرتبێ.

کاتێ گەیشتینە سەر پردەکە زۆر بەتیژی بەسەریدا تێپەڕین، لەو کاتەدا لەسەر ڕێگاکە لەبەرراییمانەوە تۆزی ئوتومبیلەکانمان بینی زۆر بچووک دیار بوون، ئەو تۆزەی لە ژێر تایەکانیان بەرز دەبووەوە، لە نێوانی دارەکان پەرت دەبوو. کە گەیشتینەوە ئەوان، لێیان ڕەت بووین. لە ڕێگایێ سووڕاینەوە سەرکەوتینە سەر گردەکان. هاژووشتنی کاروانی لە ڕێگای پێچاوپێچی ئەوهادا کارێکی زۆر خۆش نییە، نەخوازەڵا لەیەکەم ئوتومبیلیش بی. لەسەر کوشینی دواوە دانیشتبووم، بۆ خۆم تەماشای گوندەکەم دەکرد. گەیشتینە بناری گردەکان، لەبەری نزیک ڕووبارەکەوە کە بەرێگاکە بۆ سەرچیاکە سەردەکەوتین، چیای بەرز لەلای باکوورەوە هەبوون کە تائێستاش لووتکەکانیان بەفری بەسەرەوە بوو، ئاوڕم دایەوە، سێ ئوتومبیلەکە خەریکی سەرکەوتن بوون. نێوان ئوتومبیلەکان سەرتاپا تۆز دایگرتبوو. بەتەنیشت کاروانێکی درێژی هێستری بارهەڵگر تێپەڕین. کاروانچییەکانیش لە تەنیشت هێسترەکانەوە ڕێگاکەیان بەپێ دەکوتایەوە. فێسی سۆریان لەسەر کردبوو. لە تیپی (بیرساگلیری) بوون، دواوەی کاروانەکە، ڕێگاکە چۆل بوو، سەرکەوتینە سەر گردەکان، پاشان دابەزینە سەر لاپاڵێکی درێژکۆڵەی گردێ کە دەچووە سەر دۆڵی ڕووبارێ، هەردوولای ڕێگاکە وەداروودرەخت بوو، ڕووبارەکە لەلای ڕاستی ڕیزە دارەکە بوو، ئاوەکەی ڕوون و تیژڕەو و تەنکاو بوو، ڕووبارەکە نزم بوو، دەرەتانی لم و پلووکە بەردی تیابوو، لەگەڵ جۆگەلەی ئاوی تەسک و جارناجاریش تەنکاوێ ئاو وەکو ورشە بەسەرپلووکە بەردەکاندا دادەپرژا، لەنزیک ڕووبارەکەوە گۆماوێکی قووڵم بینی ئاوەکەی وەکو ئاسمان شین بوو، چەند پردێکی بەردینی کەوانەیی کۆنم لەسەر ڕووبارەکەوە بینی کە ترێلەکانی لێی دەسووڕانەوە بەتەک خانووێکی ناو کێڵگەی بەردین تێپەڕین کە بەرامبەر دیواری خواروویان دارهەرمێیان لێ ڕوابوو، لە شێوەی مۆم داینگەدا بوون، دیواری کێڵگەکە نزم بوو لەبەرد دروست کرابوو، ڕێگاکە بەسەر دۆڵەکە سەر دەکەوت لە پاشان لە پێچێ سووڕاینەوە جارێکی تر بەسەر گردەکان کەوتینەوە. ڕێگاکە زۆر بە ڕکی سەر هەوراز بۆوە و لەو کاتەدا دەتتوانی دارستانی شابەڕوو بەدی بکەی تا دەگەیشتیە ڕەوەزێکی بەرز، لە نێوان دارەکانی دارستانەکە، لە توانام دابوو، کە تیشکی ڕۆژی لەسەربوو، چاو داگرمە خوارەوە و لە دوورەوە هێڵی ڕووبارەکە ببینم کە

هەردوو سوپای لێک جیا دەکردەوە، بەسەر ڕێگا ناخۆشە تازەکەی سوپاییدا تێپەڕین، کە لەسەر لووتکەکەوە درێژ دەبۆوە و، لە باکوورەوە تەماشای دوو زنجیرە چیام کرد، تا هێڵی بەفرەکە سەوز و تاریک دەچوون و لەبەر تیشکی ڕۆژ سپی و دلڕفێن دیاربوو. پاشان ڕێگاکە بەسەر لێوارەکە هەڵدەکشا زنجیرەی سێیەمی چیاکانم بینی، بەرزترین چیای بەفرین، وەکو گەچ سپی بوو و کەند و قۆرتی زۆری تیابوو کە سەر تەپکەکانیان تەختاییێکی سەیر بوو لە دواوەی ئەم زنجیرە چیایانەوە چیای تر هەبوون، بینینیان لە حوکمی چاودا نەبوو، ئەگەر تۆ بڵێیی دەیانم بینی ڕاستت نەدەگوت. ئەم چیایانە چیای نەمساوییەکان بوون، هاوتای ئەم چیایانە لە ئیتاڵیادا نەبوو، لە پێشمان ڕێگاکە بۆ لای ڕاست دەسووڕایەوە، چاوێکم دابڕییە خوارەوە، توانیم ڕێگایێ ببینم کە بەناو دارەکاندا شۆڕ دەبووەوە، لەشکر لەسەر ئەم ڕێگایەوە بوو ترومبێلەکان باریان هەڵگرتبوو هێسترەکانیش تۆپی چیایان لێ بارکرابوو. کاتێ لە ڕێگاکە دابەزینە خوارەوە، بەتەنیشتەکەیدا ڕۆیشتن توانیم ڕووبارەکە ببینم، زۆر لە خوارەوە بوو، هێڵی شەمەندەفەر بەسەر پردە کۆنەکە بۆ بەرەکەی تر بەسەریدا تێپەڕ دەبوو. لە شوێنێکی ژێر گردەکەوە لە دواوەی ڕووبارەکەوە توانیم خانووە خاپوورکراوەکانی شارۆچکەکە ببینم کە دەبوایە بگیرێن. هەر کە دابەزینە خوارەوە وەرسووڕاینەوە سەر ڕێگا سەرەکییەکە کە بەتەک ڕووبارەکەدا تێدەپەڕی، دنیا تاریک داهات.

9

ڕێگاکە قەڵەباڵغ بوو، حەسیری تەنراویش لە لاسکی گەنمەشامی و قەسەڵ لە هەردوولای ڕێگاکە هەبوون، لای سەرەوەشی بەحەسیر گیرابوو. بەشێوەیێ لە دەروازەی سێرک یاخود لە گوندێکی خۆماڵی[1] دەچوو.

بەهێواشی ئەم تونێلە بەحەسیر داپۆشراوەمان بڕی لە شوێنێکی پان و پۆڕ هاتینە دەرەوە، کە جاران ئەوێ ئێستگەی شەمەندەفەر بوو، ئەو شوێنە لە ئاستی کەناری ڕووبارەکە نزم بوو. لە شوێنە نزمەکانی کەناری ڕووبارەکە چاڵ هەڵکەندرابوون، سەربازە پیادەکان سەنگەریان تیاگرتبوو، ڕۆژ لەسەر ئاوابوون بوو. لەو کاتەدا بەئوتومبیل دەڕۆیشتین. سەرم بەرز کردەوە بەدرێژایی کەناری ڕووبارەکە چاوم بەقوللەکانی چاودێریکردنی نەمساوییەکان کەوت کە لەسەر گردەکانی بەرەکەی تر بوون. لەبەر خۆرئاوابوون ڕەش دەچوونەوە، ئوتومبیلەکانم لە پشت کارگەیێکی کەرپووچدا وەستاند، هەندێ لەو فڕن و چاڵە قووڵانە کرابوونە بنکەی فریاکەوتن، سێ پزیشک لەوێ بوون، دەمناسین، لەگەڵ مێجەر کەوتمە قسە: لەوێم زانی کاتێ کە هێرش

(١) گوندێکی خۆماڵی (نەتەوەیی): مەبەست گوندی زەنجییەکانی ئەمریکایە، کە دانیشتوانی ئەسڵی ئەمریکان.

دەست پێدەکرێ. ئوتومبیلەکانمان برینداریان لێ بار دەکرێ. بەرەو دواوە لێی دەخوڕین و بەدرێژایی ڕێگا حەسیرییەکە، تا سەرەوەی ڕێگا سەرەکییەکە تا ئەو شوێنەی کە بنکەی پزیشکییە، ئوتومبیلەکانی تریش ئەوانە دەگوازنەوە. ئاواتەخواز بووین ڕێگاکە لەبەر قەڵەباڵغی نەگیرێ. ڕێگاکە یەک بەری بوو. پەرژینی لێ کرابوو چونکە لەبەرچاوی نەمساوییەکانی ئەوبەری ڕووبارەکەوە بوو. لەکارگەی کەرپووچیشدا. لە ئاگری تفەنگ و تۆپی دوژمن پارێزرابوون بەهۆی لێواری ڕووبارەکە. تەنیا تاقە پردێکی ڕووخاو لەسەر ڕووبارەکە بوو، کاتێ بۆردوومان دەستی پێکرد خەریکی دامەزراندنی پردێکی تر بوون. هەندێ لە تیپە سەربازییەکان دەبوایە لە تەنکاوەکەی لای پێچی ڕووبارەکە بپەڕنەوە. مێجەر پیاوێکی کورتە باڵابوو و جووتێ سمێڵی قیتی هەبوو بەشداری لە جەنگی لیبیادا کردبوو دوو تیلمی لوولی پێوە بوو، گفتی دامێ گەر کاروبار بەچاکی بەڕێوە بچێ خەڵات دەکرێم. گوتم بەو هیوایەم هەموو شتێ بەچاکی بەڕێوە بچێ. بەڵام ئەو پیاوێکی زۆر باش بوو. پرسیم ئاخۆ دەبێ سەنگەرێکی وا گەورە هەبێ شوفێرەکان تیایدا ستر بن. بەدوای سەربازێکی نارد تا سەنگەرێکم نیشان بدا. لەگەڵ سەربازەکە چووم سەنگەرەکەمان دۆزییەوە. سەنگەرێکی زۆر چاک بوو، شوفێرەکانیش زۆر پێ کەیفخۆش بوون. ئەوانم لەوێ بەجێهێشت. مێجەر داوای لێم کرد پێکێ لەگەڵ ئەو و ئەفسەرەکەی تر بخۆمەوە. شەڕابی (ڕەم)مان خواردەوە دانیشتنەکەمان زۆر برادەرانە بوو، دەرەوە تاریک بوو، پرسیم داخوا کەی هێرش دەست پێدەکا. گوتیان کاتێ تاریک دابێ. بۆ لای شوفێرەکان گەڕامەوە، لەناو سەنگەرەکە دانیشتبوون. منیش هەر یەکێ پاکەتێ جگەرەی (ماسیۆدۆناس)م پێ بەخشین. جگەرەکان زۆر شڵ داگیرابوون توتنیان لێ دەڕژا، پێش کێشانی، دەبوایە هەردوو لایت بپێچابایەوە. مانێرا چەرخەکەی ئاگر دا، بەلامانی داگێڕا. چەرخەکەی لە ڕادێتەری فیات بوو. منیش هەرچییەکم بیستبوو بۆم گێڕانەوە.

پاسینی گوتی: «کاتێ دابەزین بۆچی بنکەکانمان نەبینی؟»

– «لە دواوەی ئەو پێچەبوو کە لێی سووڕاینەوە.»

مانێرا: «ئەو ڕێگایە زۆر بێ سەروبەر دەبێ.»

– «ئاگر بارانمان هەر دەکەن.»

– «لەوانەیە.»

– «ئەی دەربارەی خواردن؟ پاش هێرش دەرفەتی نانخواردنمان نابێ.»

– «هەر ئێستا دەچم بزانم چ هەیە.»

– «ئێمە لێرە بمێنین یان لەگەڵتا بێین؟»

– «وا چاکە لێرە بمێننەوە.»

بۆ سەنگەرەکەی مێجەر گەڕامەوە. گوتی ناندینێکی مەیدانی گەڕۆک بەڕێوەیە. ئەو

کات شوفێرەکان دەتوانن بەشی خۆیان وەرگرن، هەروا ئامادەیی خۆی دەربڕی کە لەگەنێک (قزعەیەک)یان بۆ پەیدا بکا، ئەگەر نەیان بێ. گوتم: وابزانم هەیانە. گەڕامەوە. بەشوفێرەکانم گوت: هەر کاتێ خواردن بێ دەتوانم بگەڕێمەوە خواردنتان بۆ پەیدا بکەم. مانێرا گوتی بەو هیوایەم بەر لەدەستپێکردنی بۆردوومان بگاتە جێ. ئەوان تا چوومە دەرەوە بێ دەنگ بوون. ئەوان ئامێرساز بوون ڕقیان لەشەڕ بوو. چوومە دەرەوە تا سەیرێکی ئوتومبیلەکان بکەم و بزانم بار چۆن بەڕێوە دەچێ. دوایی هاتمەوە ژوورەوە لەگەڵ چوار شوفێرەکە لەناو سەنگەرەکە دانیشتم پشتمان دابووە دیوارەکەوە جگەرەمان پێکردبوو، دەرەوە تاریک داهاتبوو، زەوی سەنگەرەکەش گەرم و وشک بوو، شانم بەدیوارەکەوە نا، لەسەر پشت پاڵم دایەوە، لێ ڕاکشام.

گاڤاوزی پرسی: – «کێ هێرش دەبا؟»

– «تیپی بیرساگلیری.»

– «هەموو بیرساگلیرییەکان؟»

– «وابزانم»

– «ئەو لەشکرەی لێرەیە بەشی هێرشێکی ڕاستەقینە ناکا.»

– «بۆ ئەوەیە تا سەرنجی سەربازەکان لە شوێنە ڕاستەقینەکەی هێرشەکەوە بۆ لایەکی ترەوە بەرن.»

– «سەربازەکان ئەوە دەزانن؟»

– «لەو باوەڕەدانیم»

مانێرا: «هەڵبەت نازانن، گەر ئەوە بزانن هێرش نابەن.»

پاسینی گوتی: «بەڵێ، هێرش دەبەن. بیرساگلیرییەکان گێلن.»

گوتم: «ئەوان ئازا و مەشق پێدراوی باشن.»

– «ئەوان زل و زەبەلاحن، بەسینگ پان و ساغ و سەلامەتن. بەڵام سەرەڕای ئەمەش گێلن.»

مانێرا گوتی: «نارنجۆک هاوێژەکان باڵا بەرزن.»

ئەمە نوکتەیێ بوو، دایانە قاقای پێکەنین.

– «گەورەم تۆ لەو کاتەی لەوێ بووی کە ڕازی نەبوون هێرش بەرن لەهەر دە پیاو پیاوی دەیەمیان ئاگرباران کرد.»

– «نەخێر.»

– «ئەمە ڕاستە. ڕیزیان کردن و لەهەر دەیێ، پیاوی دەیەمیان دەکوشت، کاربینەری ئاگربارانیان کردن و هەموویان کوشتن.»

باسینی تفی لە زەوی کرد:

– «کاربینەری، بەڵام ئەم نارنجۆک هاوێژانە هەر یەکەیان شەش پێ بەرزن هێرش نابەن.»

مانێرا: «گەر هەرکەس لەلای خۆیەوە هێرش نەبا، شەڕ تەواو دەبێ.»

– «ئەمە لەگەڵ پیاوی نارنجۆک هاوێژ چارەی نەبوو. ئەوان ترسنۆک بوون. زۆربەی ئەفسەرەکانیان لەبنەماڵە نەجیبەکانەوە هاتبوون.»

– «هەندێ لە ئەفسەرەکان بەتەنیا هێرشیان برد.»

– «باشچاوشێ دوو ئەفسەری دایە بەر گوللە کاتێ هێرشیان نەبردبوو.»

– «بەڵام هەندێ لە سەربازەکان هێرشیان برد.»

– «ئەوانەی هێرشیان برد ڕیز نەکران. کاتێ پیاوی دەیەمیان ئاگرباران کرد.»

– «یەکێ لەو کوژراوانەی کە کاربینەرییەکان کوشتیان خەڵکی شارەکەم بوو. گەنجێکی کۆکی باڵابەرز بوو، شایانی ئەوەبوو بچێتە ڕیزی نارنجۆک هاوێژەکانەوە، زۆر لە ڕۆما دەژیا. شەو و ڕۆژی خوایی دەستی لەنێو دەستی کچان بوو. هەر لەگەڵ کاربینەرییەکانیش بوو.»

پاسینی بەپێکەنینەوە لە قسەکانی بەردەوام بوو، گوتی: «ئێستاش پاسەوانی خۆی و نێزەکەی لەبەر دەرگاکەیانە. کەس ناتوانێ بێ دایک و باوک و خوشکەکانی ببینێ. باوکیشی هەموو جۆرە مافێکی هاوولاتی لێ سەندراوەتەوە. بگرە ناتوانێ دەنگیش بدا.»

یاساش نایان پارێزێ. هەر کەسێ بیەوێ دەتوانێ دەست بەسەر ماڵ و سامانیان دابگرێ.»

– «ئەگەر وایان لەم خێزانە نەکردبایە نەیان دەتوانی کەسی تر ڕەوانەی بەرەی شەڕ بکەن.»

– «بەڵێ، سەربازانی تیپی (VE) و (ئەلپانی) و هەندێ لە بیرساگلیری هێرش دەبەن.»

– «بیرساگلیرییەکانیش لەگۆڕەپانی جەنگدا ڕایان کرد. بەڵام ئێستا هەوڵ دەدەن لەبیر خۆیان بەرنەوە.»

پاسینی بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– «گەورەم نابێ ڕێگەی ئەوەمان بدەی بەم جۆرە قسە بکەین.»

گوتم: «دەزانم چۆن قسە دەکەن. هەر چەندە ئێوە ئوتومبیل لێخوڕن ڕەوشتی... دەگرنەبەر»

– «ئەی... وا قسان مەکەن، ئەفسەرەکانی تر گوێیان لێمان دەبێ.»

گوتم: «پێویستە کۆتایی بەشەڕ بێنن. شەڕ بەوەستانی لایێ کۆتایی نایێ. گەر

شەڕمان لەلایەکەوە وەستاند ئەنجامی خراپتر دەبێ.»

– «پاسینی بەرپێزگرتنەوە گوتی: «خراپتر نابێ هیچ شتێ لەشەڕ خراپتر نییە.»

– «بەزین خراپترە.»

– «باوەڕ ناکەم. بەزین چییە؟ تۆ دەگەڕێیتەوە ماڵی خۆت.»

– «بەدوات دادێن و ماڵەکەت داگیر دەکەن. خوشکت زەفت دەکەن.»

پاسینی گوتی: «باوەڕ ناکەم. ناتوانن هەموو کەسێ وا لێ بکەن. با هەر کەسێ بەرگریی لەماڵی خۆی بکا. ڕێگە نەدەن خوشکەکانیان بچنە دەرەوە.»

– «دوور نییە لە سێدارەت دەن یا چۆنیان بوێ وات لێ دەکەن. دەتگەڕێننەوە ڕیزی سەربازی نەک لەناو ئۆتومبیلی فریاکەوتن بەڵکو لە تیپی پیادە.»

– «ناتوانن هەموو کەسێ لە سێدارە بدەن.»

مانێرا: «نەتەوەیەکی بیانی ناتوانێ تۆ بکا بەسەرباز هەر لەیەکەم شەڕ هەموومان ڕادەکەین.»

– «وەکو چیکییەکان.»

– «وای بۆ دەچم کە تۆ هیچ شتێ دەربارەی ژیانی ژێردەستی نەزانی، بۆیە لەو باوەڕەی کە ژێردەستی خراپ نییە.»

پاسینی گوتی: «گەورەم، ئێمە لە تۆ دەگەین، ڕێگەمان بدە قسە بکەین. بەیارمەتیت، هیچ شتێ لە شەڕ بەدفەڕتر نییە ئێمە لەناو ئۆتومبیلی فریاگوزاری داین. لەگەڵ ئەوەش، ناتوانین هەموو تێبگەین، کە چەند خراپە؛ کاتێ خەڵک دەزانێ چەند خراپە، ناتوانن هیچ شتێ بۆ ڕاگرتنی بکەن، چونکە شێت دەبن. هەندێ خەڵکی تریش هەن لە ئەفسەرەکانیان دەترسن. شەڕ لە نێوچەوانی ئەمانەوەیە.»

– «دەزانم شەڕ خراپە، بەڵام دەبێ کۆتایی بێنین.»

– «شەڕ کۆتایی نایێ، شەڕ کۆتایی بۆ نییە.»

– «بەڵام هەیەتی.»

پاسینی سەری بادا گوتی:

– «بەسەرکەوتن شەڕ نابڕدرێتەوە... چی دەبێ گەر ئێمە (سان جبریل)مان داگیرکرد؟ چی دەبێ گەر ئێمە (کارسۆ) و (مونتالکون) و (ترسیتا)مان داگیرکرد؟ بەوەندە لەکوێ دەگەینە کوێ؟ تۆ ئیمڕۆ ئەم هەموو چیا دوورانە دەبینی؟ تۆ لەو باوەڕەی بتوانین دەست بەسەر هەموویان دابگرین؟

مەگەر تەنیا نەمساوییەکان شەڕ ڕابگرن، تەنیا لایێ دەبێ شەڕ ڕابگرێ. بۆچی ئێمە شەڕ ڕانەگرین؟ ئەگەر بێت و ئەوان بێنە ئیتالیا و داگیری بکەن تەنیا ماندووبوون و دەردەسەریان بۆ دەمێنێتەوە، دەگەڕێنەوە دواوە و بەجێی دەهێڵن، ئەوانیش خاوەنی

وڵاتی خۆیانن بەڵام، نەخێر، لەجیاتی ئەمە شەڕە.»

– «دەڵێی وتاردەری.»

– «ئێمە بیر دەکەینەوە و دەخوێنین، خۆ جوتیار نین. ئێمە میکانیکین، بەڵام جوتیارەکانیش چاک دەزانن تا چ ڕادەیێ بڕوا بەشەڕ بکەن، هەموو کەس ڕقی لەم شەڕە دەبێتەوە.»

– «چینێک دەستیان بەسەر کاروباری وڵات داگرتووە، کە گێلن و لەهیچ شتێ ناگەن، ناشتوانن تێبگەن، جا بۆیە ئەم شەڕەمان بەمل داهاتووە.»

– «هەروەها لە پەنای ئەم شەڕەوە پارە کۆدەکەنەوە.»

پاسینی گوتی: «زۆربەیان کۆی ناکەنەوە. ئەوان زۆر گێلن، ئەم شەڕەیان لە پێناوی هیچ نییە، لە گێلاتیانەوەیە.»

مانێرا گوتی: «دەبێ ئەم باسە داخەین، لەڕووی گەورەمانەوە زۆرمان قسە لەبارەی شەڕەوە کرد.»

پاسینی: «ئەویش ئەم قسانەی پێ خۆشە. ئەویش وەردەگەڕێنین.»

مانێرا گوتی: «بەڵام ئێستا دەبێ ئەم باسە داخەین.»

گافۆزی گوتی: «ئەی نان نەخۆین گەورەم؟»

– «دەچم تا بزانم خواردن هاتووە.»

من وام گوت، گۆردینی هەستایە سەرپێ و لەگەڵم هاتە دەرەوە.

– «چ شتێ هەیە ئەنجامی بدەم گەورەم؟ دەتوانم یارمەتیت بدەم؟» گۆردینی لە هەر چواریان هێمنتر بوو.

گوتم: «گەر حەز دەکەی لەگەڵم وەرە بابزانین چ هەیە.»

دەرەوە تاریک بوو و ڕووناکییەکی درێژ لەلایتی پشکێنەری سەر چیاکە دەجوولایەوە. چەند لایتێکی پشکێنەری گەورەش لەم بەرە لەسەر ترێلانەوە دانرابوون لە نزیک هێڵەکانی بەرەوە، ترێلەکە کەمێ لە دووری ڕێگاوە ڕاوەستابوو. ئەفسەرێ ڕووی لایتی ئاراستەی ناوچەکرد. سەربازەکانیش هەترەشیان چوو. لە گۆڕەپانی کارگەی کەرپووچ تێپەڕین. لە بنکەی تیمارکردنی سەرەکی وەستاین. سەنگەرێکی بچووکی لێ بوو، سەر دەرگاکەی بە لق و پۆی سەوز داپۆشرابوو. لە تاریکیدا، بای شەو، خشەی لەگەڵا وشک بووەکان، بەتینی ڕۆژ، دەهێنا. لە ژوورەوە ڕووناکی هەبوو. مێجەر لەسەر تەلەفۆن بوو، لەسەر سندووقێ دانیشتبوو. کاپتنێکی پزیشک پێی گوتم: کاتێ هێرش سەعاتێ هاتۆتە پێش، پێکێ کونیاکی پێشکەش کردم. سەیری مێزە تەختەکانم کرد بینیم ئەو شتانەی لەسەر مێزەکە بوون، وەکو تەشتە شووشە سەر داخراوەکان دەدرەوشانەوە. گۆردینی لە دواوەم وەستا. مێجەر تەلەفۆنەکەی تەواوبوو، هەستایەوە. گوتی: «ئێستا هێرش دەست پێدەکرێ. کاتەکەیان گەڕاندەوە سەر کاتی

پێشووی.»

تەماشای دەرەوەم کرد، دەرەوە تاریک بوو. لایتی پشکێنەری نەمساوییەکانیش لەسەر چیاکانی پشتمان دەجوولایەوە. دەقەیێ دونیا خامۆش بوو، پاشان لە تۆپەکانی پشتەوە بۆردوومان دەستی پێکرد. مێجەر گوتی: «ساڤۆی.»

گوتم: «جەنابی مێجەر، دەربارەی خواردن...»

گوێی لە قسەکانم نەبوو، بۆیە دووبارەم کردەوە.

– «هێشتا نەگەیشتووتە جێ.»

تۆپێکی گەورە هات لە دەرەوە لەنزیک کارگەی کەرپووچەوە تەقییەوە، تەقینەوەیەکی تریشی بەدواوە هات، لەگەڵ دەنگی تەقینەوەی گوێت لەدەنگی خڕەی ڕووخانی وردە خشت بوو تۆزی بەدواوە بوو وەکو باران لە ئاسمانەوە دەکەوتنە خوارەوە.

– «چ بۆ خواردن دەست دەکەوێ؟.»

مێجەر گوتی: «کەمێ ئاستا ئاسیوتا[1]مان لا دەست دەکەوێ.»

– «ئەوەی دەستتان لێی دەبێتەوە وەری دەگرین.»

مێجەر لەگەڵ سەربازێ قسەی کرد. سەربازەکە چووە دەرەوە لەبەرچاوان بزر بوو، ئەوەندەی نەبرد گەڕایەوە قاپێ (ئاستا ئەسیوتا)ی سارد و سڕی لەگەڵ خۆی هێنا. دایە دەست گۆردینی.

– «پەنیرتان لا پەیدا دەبێ؟»

مێجەر بەنادڵییەوە قسەی لەگەڵ سەربازەکە کرد، بۆ جارێکی تر چووەوە ژێر زەمینەکەوە پاشان گەڕایەوە چارەگێ پەنیری هێنا، گوتم: «زۆر سوپاس.»

– «وا باشە نەڕۆیتە دەرەوە.»

لە دەرەوە شتێ لەبەر دەرگا داندرا. پیاوێ لەو دوو پیاوانەی کە شتەکەیان هەڵگرتبوو، سەری بەژوورەوە داگرت. مێجەر گوتی: «بیهێننە ژوورەوە. چیتانە؟ دەتانەوێ ئێمە بێینە دەرەوە هەڵی بگرین بۆ ژوورەوەی بێنین.»

دوو دەستەبەرە هەڵگرەکە، بریندارەکانیان لەبن هەنگڵ و قاچییەوە هەڵگرت و هێنایانە ژوورەوە.

مێجەر گوتی: «کورتەکەکەی بدڕێنن.»

مێجەر جفتەیەکی بەپارچە قوماشێ گرت، دوو کاپتنەکەی تریش چاکەتەکەیان لەبەر کردەوە. مێجەر بەدوو دەستەبەرە هەڵگرەکانی گوت: «بڕۆنە دەرەوە.»

بەگافۆزیم گوت: «وەرە بابڕۆین.»

مێجەر لەسەرشانەوە بەئێمەی گوت:

(١) جۆرە هەڕشتەیەکە.

« واچاکە تا بۆردوومان بەسەر دەچێ ئارام بگرن.»

– «ئاخر دەیانەوێ نان بخۆن.»

– «کەیفی خۆتانە.»

لە دەرەوە بەڕاکردن بەلای کارگەی کەرپووچەکەوە تێپەڕین. تۆپێ لە نزیک کەناری ڕووبارەکە تەقییەوە پاشان یەکی تریش تەقییەوە، ئێمە گوێمان لە دەنگی هاتنی نەبوو تا لەناکاو کەوتەوە. هەردووکمان خۆمان لەسەر زگ بەزەوی دادا لەگەڵ ترووسکایی، هەژانەوەی تەقینەکە و بۆنەکەیەوە گوێمان لە قرچە قرچی تەلەزم و خڕەی کەرپووچە ورد و خاشەکان بوو، کە دەکەوتنە خوارەوە. (گۆردینی) هەستایەوە بەرەو سەنگەرەکە ڕای کرد منیش بەدواوەی بووم. پەنیرەکەم هەڵگرتبوو، ڕووی پەنیرەکە بەتۆزی کەرپووچ داپۆشرابوو. شوفێرەکان لەناو سەنگەرەکەوە پشتیان بەدیوارەکە دابوو جگەرەیان دەکێشا.

گوتم: «برایانی نیشتمانی لێرەن.»

مانێرا: «ئوتومبیلەکان چۆنن؟.»

– «سەلامەتن»

– «هەترەشت نەچوو، گەورەم؟»

گوتم: «زۆر ڕاست دەکەی.»

چەقۆکەم دەرهێنا و کردمەوە. تیغی چەقۆکەم سڕیەوە، بەشە تۆزاوییەکەم بەتیغی چەقۆکە لابرد. گافۆزی قاپەکەی دایە دەستم.

– «دەست پێ بکەین گەورەم.»

گوتم: «نەخێر، لەسەر زەوی دانێ، هەموومان پێکەوە دەیخۆین.»

– «چەنگالمان نییە.»

بەئینگلیزی گوتم: «بۆ خاتری خوا!.»

پەنیرەکەم کردە چەند پارچەیێ و لەسر مەعکەڕۆنیەکەم دانا. گوتم: «دەی بفەرموون.»

دانیشتن چاوەڕوانیان کردم. منیش پەنجەی گەورە و پەنجەکانی ترم بردە ناو خواردنەکە. چەنگێکم دەرکرد، هەندێکی کەوت.

– «بەرزیان کەوە گەورەم.»

منیش ئەوەندەی دەستم درێژبوو بەرزم کردەوە، ئەوانەی ڕۆخەکان شۆڕبوونەوە. خستمە ناو دەممەوە. مژیم و گازم لە کۆتاییەکانی گرت، جویم پاشان پارچەیێ پەنیرم خوارد، جویم، پاشان پێکێ ئارەقم خواردەوە. تامی میتالێکی ژەنگاوی لێ دەهات. مەتارەکەم دایەوە دەست پاسینی. گوتی:

– «ئەمە بۆگەنە. ماوەیەکە لەناو ئەم مەتارەیە لەناو ئوتومبیلەکەم دایە.» هەموویان دەیانخوارد و چەنەگەیان لەسەر قاپەکەوە بەرز دەکردەوە سەری خۆیان بۆ دواوە دەبرد. کۆتاییەکانیان دەمژی پارۆیکی ترم لێ دایەوە، هەندێ پەنیر و قومێ شەڕابیشم لێ دایەوە، شتێ لە دەرەوە کەوتە سەر زەوی، زەوییەکەی لەرزاند.

گافۆزی گوتی: «لە چەشنی عەیار (٤٢٠) بوو.»

گوتم: «لەناو چیادا هیچ تۆپێکی عەیار (٤٢٠)ملم نییە.»

– «ئەوان تۆپی سکۆدای گەورەیان هەیە. من چاڵەکەیم بینیوە.»

– «تۆپی عەیار (٣٠٥)یان هەیە.»

لە خواردن بەردەوام بووین. کۆکەیێ پەیدابوو، دەنگێکی وەکو دەنگی مەکینەی شەمەندەفەر دەستی پێکرد. پاشان تەقینەوەیێ جارێکی تر زەوی لەرزاندەوە.

پاسینی گوتی: «ئەم سەنگەرە قووڵ نییە.»

– «ئەمە تۆپی سەنگەری گەورە بوو.»

– «بەڵێ گەورەم.»

دوا پارچە پەنیرەکەی خۆمم خوارد، پاشان قومێ ئارەقم فڕکرد. لەکاتی هاتنی هاژەدا گوێم لە کۆکەیێ بوو، پاشان دەنگی تشو-تشو-تشو-تشو هات، پاشان ترووسکایێ وەکو ئەو ترووسکاییەی لەکاتی دەرگا کردنەوەی فڕنی، لە فڕنییەوە دەردەچێ. نەڕەی برووسکەی تۆپ دەستی پێکرد. ترووسکاییەکە لەسەرەتادا سپی بوو پاشان سوور هەڵگەڕا. بەم شێوەیە لەگەڵ با بەردەوام بوو. ویستم هەناسە بدەم، بەڵام هەناسەم نەدەهات. هەستم بەوە کرد کە خەریکە لە پێستەی خۆم دەربچمە دەرەوە. دەرچمە دەرەوە، دەرچمە دەرەوە، دەرچمە دەرەوە، بەدرێژایی ئەو کاتە لەشم هەموو لەناو بادا بوو، بەگورجی چوومە دەرەوە.

وامزانی مردوومە، پاشانیش سەراوکەوتووم. شتێکی زۆر هەڵەیە پیاو خۆی بەمردوو دابنێ. لەجیاتی ئەوەی بۆ پێشەوە بچم وام هەست کرد بۆ دواوە خلیسکاوم. هەناسەم دا بۆ دواوە گەڕامەوە.

زەوی قڵیشابوو لەو لای سەرمەوە تەختەدارێ هەبوو پارچە پارچە بووبوو. لەگەڵ ئەو شتەی لەسەرمدا دەلەرایەوە گوێم لە هاواری یەکێ بوو. هەسم کرد یەکێ ناڵە ناڵیەتی. ویستم بجووڵێمەوە. بەڵام نەمتوانی بجووڵێم. گوێم لەدەنگی شەست تیر و تفەنگان بوو. ئەوبەری ڕووبارەکەیان ئاگرباران کرد، گوللە پرژا بوو و ڕۆشنە گوللەم[1] بینی

بەرز دەبۆوە و دەتەقینەوە و سەریان دەکرد، سپی بوون، موشەک بەرز دەبووەوە گوێم لە تەقینەوە بوو. ئەمە هەمووی لەماوەی تاوێ بوو، پاشان لە نزیک خۆمەوە گوێم لە

(١) طلقة التنویر

هاواری یەکێ بوو، دەیگوت: «ئای دایە، ئای دایە.» قاچی خۆمم خشاند. نووشتاندمەوە، سووڕامەوە. دەستم لێدا (پاسینی) بوو.

کاتێ دەستمی بەرکەوت هاوارێکی لێ بەرز بووەوە.

قاچی لەلای من بوو. لە تاریکی و ڕووناکیدا بینیم. هەردوو قاچی تا سەر چۆکی شکابوون.

قاچێکی بەتەواوی پەڕیبوو. قاچەکەی تریشی بەدەمارەوە لەگەڵ بەشێ لە پانتۆڵەکەیەوە وەمابوون. قونکەکەی موچرکی پیا دەهات و خرنکەی دەدا.

هەروەک بەلەشییەوە نەنووسابێ. گەزەی لە باسکی خۆی دەدا و دەینالاند (ئای دایە، ئای دایە) پاشان گوتی: «Diote salve maria, Diote Salve» ئای خوایە بمکوژە. ئای مەسیح بمکوژە، ئای دایە، دایە، ئای ماریا ئەم ئازارەم لەکۆڵ بکەوە. ئەی خوایە ئەم ئازارەم ڕابگرە، ڕابگرە. ئەی عیسا، ئەی مریەمی پیرۆز، ئەم ئازارەم ڕابگرە، ئای، ئای، ئای.»

بەدەنگێکی کز گوتی: «ماما، ماما میا...» پاشان هێمن بوو، گەزەی لە باسکی خۆی دەگرت، قونکی ڕانی هەڵدەلەرزی. هاوارم کرد:

– «ئەی دەستەبەرە هەڵگرینە. ئەی دەستە بەرەهەڵگرینە.»

ویستم لە (پاسینی) نزیک بمەوە تا بەشەتەکدەر قاچی شەتەکدەم بەڵام نەمتوانی بجووڵێم. جارێکی تر هەوڵم دا، قاچم کەمێ بەدوامدا هات توانیم لەسەر هەنیشک بۆ دواوە بگەڕێمەوە. (پاسینی) ئارامی گرتبوو. لە تەنیشتی دانیشتم کورتەکی خۆمم کردەوە هەوڵم دا دامێنی کراسەکەم بدڕێنم. بەڵام، نەمتوانی بیدڕێنم، گازم لە دامێنی کراسەکەم گرت تا بەددانم بیدڕێنم. پاشان دۆلاخی (پاسینی)م هاتە بیر. من گۆرەوی خوریم لە پا بوو. بەڵام شوفێرەکان بەلەک پێچیان بەستبوو. بەڵام پاسینی یەک قاچی مابوو. کاتێ هەستامەوە سەرپێ بۆ ئەوەی بەلەک پێچەکەی لە قاچی بکەمەوە. بینیم تازە پێویست بەوە ناکا شەتەکدەری بۆ بکەم، چونکە دوا هەناسەی کێشا و ماڵئاوایی لێ کردین.

چوومەوە سەری تا بزانم بەڕاست مردووە. سێ هاوڕێ ماون دەبێ بدۆزرێنەوە. ویستم بەقیتی دانیشمەوە، کاتێ وام کرد شتێکی قوڕس لەناو سەرمدا وەکو ئەو قورساییەی لەسەر چاوی بووکەشووشەدایە... لە دواوە خۆی لە پشتی چاوم دەدا. هەستم کرد قاچم گەرم داهاتووە و پێڵاوەکانیشم تەڕ ببوون و لەناوەوە گەرم بوو، زانیم بریندارم. ڕاکشامە سەر زەوی. دەستم لەسەر چۆکم دانا. چۆکم لە شوێن خۆی نەمابوو. دەستم بەرەو خوارتر ڕەوان کرد، چۆکم چووبووە خوارەوە، بەرەو لوولاقم داکشابوو. دەستم بەکراسەکەم سڕییەوە. ڕووناکییەکی تری ڕۆشنکەرەوە بەشێنەیی کەوتە خوارەوە، سەیری قاچم کرد، زۆر ترسام، گوتم ئەی خوایە لێرەم ڕزگارکە. زانیم، هەرچۆنێ بێ سێ کەسی تر لێرە هەبوون. ئەوان چوار شوفێر بوون، پاسینی مرد و سێ کەسی